تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە
XEBAT
خەبات
رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە
ژمارە (5936) چوارشەممە 19ی شوبات 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا دەکات

سەرۆک بارزانی: نابێ بە هیچ شێوەیەک گۆڕانی دیموگرافی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕووبدات

نابێ ڕێگە بدرێت گەلی کورد لە سووریا تووشی گرفت و چارەنووسی نادیار ببێتەوە



دوێنێ سێشەممە لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە باڵێۆز جێمس جێفری نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ کاروباری سووریا و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارەکەدا بارودۆخی سیاسیی و دواپێشهاتەکانی عێراق و هەنگاوەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی تازەی عێراق و ئەگەرەکانی بەهێزبوونەوەی تیرۆریستانی داعش لە عێراق تاوتوێ کران.

لە بەشێکی تری ئەو کۆبوونەوەیەدا ڕۆشنایی خرایە سەر بارودۆخی سووریا و دواینِ هاوکێشە مەیدانییەکانی ئەو وڵاتە و، بیرورا لەبارەی ڕۆڵی لایەنە کوردییەکان لە پێشهاتەکانی سووریا ئاڵوگۆڕ کرا و سەرۆک بارزانی جەختی لەوە کردەوە کە پێویستە لە هەر بارودۆخێکدا ڕێگە لەوە بگیرێت گەلی کورد لە سووریا تووشی گرفت و چارەنووسی نادیار ببێتەوە و، نابێ بە هیچ شێوەیەک گۆڕانی دیموگرافی لە باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا ڕوو بدات.

پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا تەوەرێکی تری ئەو بابەتە بوو و هەماهەنگی و کاری هاوبەشی هەردوولا بۆ شەڕی دژی تیرۆر بەرز نرخێندرا و جەختیش لە فراوانترکردنی هەماهەنگییی دوولایەنە کرایەوە لە بواری جیاجیاکاندا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا کۆدەبێتەوە



2

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان کۆبوونەوە



3

فازڵ میرانی: دەبێت کورد خۆی ناوی وەزیرەکانی لە حکوومەتی عێراق دیاری بکات



سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی ڕایگەیاند، ئێمە ناتوانین ڕازی بین، وەکو کورد کە میللەتی دووەمین لە عێراق و فیدراڵییەتی خۆمان هەیە، ئەبو هادی (محەممەد تۆفیق عەللاوی) لە جیاتی خەباتگێڕەکانی ئێمە وەزیرێکمان بۆ دابنێت.

دوێنێ سێشەممە 18ی 2ی 2020 سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی بە میدیاکانی ڕاگەیاند: ئێمە وەکو پارتی باسی وەرگرتنی وەزارەت ناکەین، بەڵکو وەکو کورد باسی دەکەین، هەوڵدەدەین درزێک نەکەوێتە نێوان کوردستانییەکان، هەر بۆیەش شاندێک لە هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدایان کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ سوننە و شیعە دابنیشن و گفتوگۆ لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق بکەن.

فازڵ میرانی گوتیشی: ئێمە ناتوانین ڕازی بین، وەکو کورد کە میللەتی دووەمین لە عێراق و فیدراڵییەتی خۆمان هەیە، ئەبو هادی "محەممەد تۆفیق عەللاوی" لە جیاتی خەباتگێڕەکانی ئێمە وەزیرێکمان بۆ دابنێت، ئێمە وەزیرمان دەوێت بۆ ئەوەی کارمان بۆ بکات، بە هەوڵی هەموو دڵسۆزانە کارەکان سەردەگرێت.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدان


مەحمود محەممەد: هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستوورییە و دەبێت هەیبەتی ئەو قەوارەیە پارێزراو بێت



شاندێکی هاوبەشی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتووە لە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی و تورکمان و مەسیحییەکان سەردانی شاری بەغدایان کردووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی بەغدا و کەسی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق.

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەحمود محەممەد ڕایگەیاند کە شاندەکە هاوبەشە و نوێنەری سەرجەم لایەنەکانی هەرێمی کوردستانی لەنێودایە و تاوتوێی دید و بۆچوونی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکەن.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



8

دایکی پێشمەرگە لەبیر ناکرێت



4

مەهاباد... هونەرمەندی دەنگخۆش جەعفەر مامڵێ کۆچی دوایی کرد

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا کۆدەبێتەوە

پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئیتاڵیا و هەرێمی کوردستان و ناوچەکە تاوتوێ کرا



دوێنێ سێشەممە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە رۆما لەگەڵ جوزێپێ کۆنتێ سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ئیتاڵیا و هەرێمی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی عێراق و ناوچەکە کرا.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سوپاسی ئیتاڵیای کرد بۆ پشتیوانییی بەهێزی لە شەڕی دژ بە داعش و راهێنان بە پێشمەرگە. سەرۆکی حکوومەت هەروەها ئاماژەی بە هەوڵەکانی حکوومەتی هەرێم کرد بۆ بەهێزکردنی ئەزموونی پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان.

تێشکێشی خستە سەر کارنامەی چاکسازی کابینەی نۆیەم و ئاسانکاریکردن بۆ پرۆسەی وەبەرهێنان. هیوای خواست وەبەرهێنانی ئیتاڵی لە کوردستاندا گەشە بسەنێت.

سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا ئامادەیی وڵاتەکەی بۆ بەردەوامیدان بە هەماهەنگی و پشتگیریکردنی پێشمەرگە و سوپای عێراق دەربڕی بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش.

هەروەها جەختیشی لە دۆستایەتی ئیتاڵیا و بەهێزکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان کردەوە بەتایبەتی لە بواری پەرەپێدانی وەبەرهێنانی ئیتاڵی لە هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان و بابەتی یەکڕیزی نێوانیان، فازڵ میرانی گوتی: ئەو کۆبوونەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم ئەنجامی دەدات بەڵگەی ئەوەیە کە هەموو پێکهاتەکان بەشدارن، لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، موستەفای سەید قادر ئەو دۆسیەیەی بەدەست گرتووە کە هاوپەیمانی کوردستانی دروست بکەن و ئەمە بەڵگەی یەکڕیزییە.

بڕیاربوو سەرۆکوەزیرانی راسپێردراوی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و لە بارەی وادەی سەردانەکەیدا، فازڵ میرانی گوتی: پێویستە سەرۆکوەزیرانی راسپێردراوی عێراق بێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام بۆ نەهاتووە ئەوە دەبێت لە خۆیان پرسیار بکەن.

فازڵ میرانی: دەبێت کورد خۆی ناوی وەزیرەکانی لە حکوومەتی عێراق دیاری بکات

وەک پارتی باسی وەرگرتنی وەزارەت ناکەین، بەڵکو وەکو کورد باسی دەکەین



سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی رایگەیاند، ئێمە ناتوانین رازی بین، وەکو کورد کە میللەتی دووەمین لە عێراق و فیدراڵییەتی خۆمان هەیە، ئەبو هادی (محەمەد تۆفیق عەللاوی) لە جیاتی خەباتگێڕەکانی ئێمە وەزیرێکمان بۆ دابنێت.

دوێنێ سێشەممە 18ی 2ی 2020 سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی بە میدیاکانی راگەیاند: ئێمە وەکو پارتی باسی وەرگرتنی وەزارەت ناکەین، بەڵکو وەکو کورد باسی دەکەین، هەوڵدەدین درزێک نەکەوێتە نێوان کوردستانییەکان، هەر بۆیەش شاندێک لە هەموو پێکهاتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان سەردانی بەغدایان کردووە بۆ ئەوەی لەگەڵ سونە و شیعە دابنیشن و گفتوگۆ لەسەر پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق بکەن.

فازڵ میرانی گوتیشی: ئێمە ناتوانین رازی بین، وەکو کورد کە میللەتی دووەمین لە عێراق و فیدراڵییەتی خۆمان هەیە، ئەبو هادی "محەمەد تۆفیق عەللاوی" لە جیاتی خەباتگێڕەکانی ئێمە وەزیرێکمان بۆ دابنێت، ئێمە وەزیرمان دەوێت بۆ ئەوەی کارمان بۆ بکات، بە هەوڵی هەموو دڵسۆزانە کارەکان سەردەگرێت.

لەبارەی ناوی وەزیرەکانی کورد لە کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق و نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاندەکە، فازڵ میرانی گوتی: تا ئێستا ناوی هیچ وەزیرێکمان نەداوە، لە شاندەکەشدا، نوێنەری ئێمە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی، هۆشیار زێباری چووە بۆ بەغدا.

سەبارەت بە هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکان و بابەتی یەکڕیزی نێوانیان، فازڵ میرانی گوتی: ئەو کۆبوونەوانەی سەرۆکایەتی هەرێم ئەنجامی دەدات بەڵگەی ئەوەیە کە هەموو پێکهاتەکان بەشدارن، لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، موستەفای سەید قادر ئەو دۆسیەیەی بەدەست گرتووە کە هاوپەیمانی کوردستانی دروست بکەن و ئەمە بەڵگەی یەکڕیزییە.

بڕیاربوو سەرۆکوەزیرانی راسپێردراوی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی سەردانی هەرێمی کوردستان بکات و لە بارەی وادەی سەردانەکەیدا، فازڵ میرانی گوتی: پێویستە سەرۆکوەزیرانی راسپێردراوی عێراق بێتە هەرێمی کوردستان، بەڵام بۆ نەهاتووە ئەوە دەبێت لە خۆیان پرسیار بکەن.

نەتەوە یەکگرتووەکان: 45 هەزار منداڵی ئاوارە لە عێراق ناسنامەیان نییە



نەتەوە یەکگرتووەکان بڵاویکردەوە، 45 هەزار منداڵی ئاوارە لە عێراق ناسنامەیان نییە کە بەهۆیەوە بێ بەشکراون لە فێرکردن.

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق و کۆمسیاری مافەکانی مرۆڤ بە هاوبەشی ڕاپۆرتێکیان بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەیان بەوەکردووە، 45 هەزار منداڵی ئاوارە کە لە خیوەتەکان لە عێراق ژیان دەگوزەرێنن، ناسنامەیان نییە.

بەپێی ڕاپۆرتەکە هەر خێزانێک لەنێو پێنج خێزانی ئاوارە کە لە خیوەتەکان ژیان بەسەر دەبەن منداڵەکانیان ناسنامەیان نییە کە ئەوەش وایکردووە منداڵەکانیان لە قوتابخانەکاندا ناویان تۆمار نەکرێت و لە فێربوون بێ بەشبن.

لە هاوینی 2014دا، داعش هێرشی کردە سەر ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوای عێراق کە زۆربەی ناوچەکانی کۆنترۆڵکرد، بەڵام دواتر لە کۆتایی 2017دا سەرجەم ناوچەکان لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی عێراقەوە کۆنترۆڵکرانەوە. بە هۆی هێرشەکانی داعشەوە، شەش ملیۆن کەس لە عێراق ئاوارەبوون، بەڵام دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانیان زۆربەیان گەڕانەوە سەر زێدی خۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا 250 هەزار ئاوارە نەگەڕاونەتەوە ناوچەکانیان و لە خیوەتەکاندا ژیان دەگوزەرێنن. لە ڕاپۆرتەکەدا کە بە ناوی "مافی فێرکردن لە عێراق" بڵاوکراوەتەوە ئەوە خراوەتەڕوو، ژمارەیەک لە ئاوارەکان باسیان لەوەکردووە کە بەهۆی ئەوەی ناسنامەیان نییە ناتوانن بە ویست و ئارەزووی خۆیان لە خیوەتەکانیان بچنە دەرەوە و بگەڕێنەوە، تەنانەت ناشتوانن بچن بۆ قوتابخانە.

لە ڕاپۆرتەکەدا هەروەها ئاماژە بە دوو فاکتەری سەرەکی کراوە کە بوونەتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم منداڵن بۆ بەدەستهێنانی فێرکردنێکی گونجاو کە یەکەمیان، نەبوونی پڕۆگرامێکی گونجاوە بۆ دووبارە تێکەڵکردنەوەی منداڵە ئاوارەکان لە سیستەمی فێرکردنی گشتی و دووەم، نەبوونی ناسنامەیە بۆ منداڵە ئاوارەکان.

لە ڕاپۆرتەکەدا داوا لە حکوومەتی عێراق کراوە کە کێشەکانی کارگێڕی و ئەمنی چارەسەر بکات بۆ ئەوەی بتوانرێت ناسنامە بۆ منداڵە ئاوارەکان دەربهێندرێت، هەروەها سیستەمێکی تایبەت بۆ فێرکردنی منداڵە ئاوارەکان دابنێت.

نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدان

مەحمود محەمەد: هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستوورییە و دەبێت هەیبەتی ئەو قەوارەیە پارێزراو بێت



شاندێکی هاوبەشی هەرێمی کوردستان کە پێکهاتووە لە نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی و تورکمان و مەسیحییەکان سەردانی شاری بەغدایان کردووە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی بەغدا و کەسی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق.

گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان، مەحمود محەمەد ڕایگەیاند کە شاندەکە هاوبەشە و نوێنەری سەرجەم لایەنەکانی هەرێمی کوردستانی لەخۆدایە و تاوتوێی دید و بۆچوونی خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکەن.

دوێنێ سێشەممە مەحمود محەمەد لە لێدوانێکدا گوتی: شاندێکی هاوبەشی هەرێمی کوردستان کە لە سەرجەم پێکهاتەکان پێکهاتووە، سەردانی بەغدا دەکەن و لەگەڵ لایەنەکان گفتوگۆ دەکەن وەکو قەوارەی هەرێمی کوردستان کە یاسایی و دەستوورییە، لەو سەردانەدا لەگەڵ کەسی لە بارەی مەرجەکانی کورد بۆ بەشداریکردن لە حکوومەتی نوێی عێراق، مەحمود محەمەد گوتی: مەسەلە مەرج نییە، بەڵام هەرێمی کوردستان ڕاسپێردراو بۆ کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کەسایەتی دیکە گفتوگۆ دەکەن، دید و بۆچوونی خەڵکی کوردستان لەگەڵ لایەنەکان تاوتوێ دەکەن.

قەوارەیەکی دەستوورییە و دەبێت هەیبەتی ئەو قەوارەیە پارێزراو بێت، چونکە ئێرە پارێزگایەک نییە، ئێرە دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم، حکوومەت و پەرلەمانی هەیە. لە بارەی وادەی سەردانەکەی محەمەد تۆفیق عەللاوی بۆ هەرێمی کوردستانیش،گوتەبێژی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: ئێمەش لە ڕاگەیاندنەکان هەواڵی ئەوەمان بیست کە سەردانی هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام دیارە تا ئێستا نەهاتووە.

کەرکووک... هێزێکی ئەمنی هەڵدەکوتنە سەر دوو گەڕەکی کوردنشین

هێزێکی ئەمنیی عێراقی، بە بیانووی پشکنین، هەڵدەکوتنە سەر بەشێک لە مااڵنی سنووری دوو گەڕەکی کوردنشینی شارەکە. بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک لە سنووری کەرکووک، بۆ خەبات دەرنگانی شەوی سێشەممە، هێزێکی لیوای 61ی سەر بە حکوومەتی عێراق هەڵیانکوتاوەتە سەر ژمارەیەکی بەرچاو لە مااڵنی هەردوو گەڕەکی "شۆرجە و پەنجا عەلی"ی شاری کەرکووک کە هەردووکیان کوردنشینن.

ئەوەش زانراوە، ئەو هەڵمەتە بە بیانووی پشکنینی مااڵن و دەستبەسەرداگرتنی چەک کراوە و شێوازی پشکنینەکانیان و هەڵکوتانە سەر ئەو مااڵنە نیگەرانی لای دانیشتوانی ئەودوو گەڕەکە دروست کردووە. لە 16ی ئۆکتۆبەری 2017 کەرکووک بە ڕێککەوتن لەگەڵ گرووپێکی خیانەتکار داگیر کرا و لەو کاتەوە جگە نالەباریی دۆخی ئەمنی، ناوە ناوە هێزە ئەمنییە عێراقییەکان بە بیانووی پشکنین هەڵدەکوتنە سەر مااڵنی گەڕەکە جیاجیاکانی کورەکان بەتایبەت لە دەرنگانی شەودا.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/2/19 ژمارە (5936)





سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان کۆبوونەوە

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان: کوردستان بۆتە پەناگەی سەدان هەزار پەنابەر و ئاوارەی نێوخۆیی و دەورووبەر
کاردینال پێترۆ پارۆلین پەرۆشی خۆی بۆ تونددوتۆڵکردنی پەیوەندی ڤاتیکان و هەرێمی کوردستان خستەڕوو
دوێنێ سێشەممە مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کاردینال پێترۆ پارۆلین سەرۆک وەزیرانی ڤاتیکان کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لە بارەی ڕەوش و دوا پێشهاتەکانی عێراق و ناوچەکە و پەیوەندی نێوان ڤاتیکان و هەرێمی کوردستان کرا.
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پوختەیەکی لە بارەی ئەنجامی بدەن.

لەمبارەیەوە، شێرزاد ڕەشید، بەڕێوەبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووک، بە خەباتی ڕاگەیاند: ئێمە وەکوو خوێندنی کوردی هەمیشە داوای دروستکردنی قوتابخانەی نوێمان کردووە لە هەموو سنوورەکەمان، داوامان کردووە کە قوتابخەیەکی 12 پۆلیمان بۆ دروست بکرێت لە سنووری گەڕەکی ڕەحیم ئاوا، وا دیارە بەشی ئەندازە، زەوییان دەست نەکەوتە و ویستوویانە لەناو گۆڕەپانی قوتابخانەی ئامادەیی قازی محەمەد دروستکردنی ئەو قوتابخانەیە لەسەر گۆڕەپانی قوتابخانەکەیان، خۆپیشاندان دروستی بکەن، بەڵام ناڕەزایی قوتابیانی لێ کەوتووەتەوە دەڵێن قوتابخانەکەمان دەخنکێ و ئەو گۆڕەپانە نەمێنێ، چالاکییە وەرزشییەکانمان ڕادەوەستێت. گوتیشی: ئەگەر ئەو قوتابخانەیە دروست بکرێ، ڕێگە نادەین بیکەنە قوتابخانەیەکی عەرەبی، بەڵام لەبەر ئەوەی قوتابییان ناڕازیی بوون، بە یاداشت بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی کەرکووکمان ئاگادار کردووەتەوە کە ئەو پرۆژەیە لەوێ ڕابوەستێت.

لە دێڕەی هەوڵەکانی پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک لەدژی نەتەوەی کورد، لە گەڕەکی "ڕەحیمئاوا"ی کەرکووک، هەوڵ دەدرێت لەناو گۆڕەپانی قوتابخانەیەکی کوردی شارەکە، قوتابخانەیەک بۆ خوێندنی زمانی عەرەبی دروست بکرێت. بەپێی زانیارییەکان قوتابخانەکە دەکەوێتە سنووری گەڕەکی ڕەحیماوای کەرکووکەوە بەناوەکانی ئامادەیی کوردستانی کوڕان و ئامادەیی قازی محەمەدی کوڕان و دوو دەوامی تێدا دەخوێنرێت، بەشی ئەندازەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی پەروەردەی کەرکووک گۆڕەپانی ئەو قوتابخانەیەیان دەستنیشان کردووە بۆ دروستکردنی قوتابخانەیەک لەسەری بۆ خوێندنی عەرەبی.

ئەوەش زانراوە، ناڕەزایی توندی قوتابیانی ئەو قوتابخانەیەی لێ کەوتووەتەوە و بڕیارە لەدژی دروستکردنی ئەو قوتابخانەیە لەسەر گۆڕەپانی قوتابخانەکەیان، خۆپیشاندان



پەرلەمانتارێکی کورد: عەللاوی دوای پێکهێنانی کابینەکەی سەردانی هەولێر دەکات

ئەندامی لیژنەی ئاسایش و بەرگریی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق سەربە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان، ناسر هەرکی ڕایگەیاند کە هەرێمی کوردستان هەر بەربژێر و پاڵێوراوێکی هەبێت ئەوا لە ڕێگای دامەزراوە فەرمییەکانەوە دەبێت، ئاشکرایشی دەکات کە بڕیارە ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی دوای پێکهێنانی کابینەکەی سەردانی هەولێر دەکات بکات.
ناسر هەرکی گوتیشی: ئێمە هەموو کات پاڵپشت و هاوکاری حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بووین، مەبەستیشمان لێی ئەوەیە کە خزمەتی گەلی عێراق بکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە هەر حکوومەتێک پێکبێت، ڕەنگدانەوەی هەموو پێکهاتەکانی عێراقی لەنێودا بێت، ئێمەش دامەزراوەی فەرمیی وەک سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێمی کوردستانمان هەیە، بۆ بەشداریکردن لە حکوومەتی نوێی عێراق، بەربژێر و پاڵێوراومان دەبێت لە ڕێگای دامەزراوە فەرمییەکانی هەرێمی کوردستان بێت.
لەبارەی وادەی سەردانکردنی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکوومەتی نوێی عێراق، محەمەد تۆفیق عەللاوی بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان ناسر هەرکی گوتی: بڕیارە دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی عێراق سەردانی هەولێر بکات، لەگەڵ ئەوەشدا دوێنێ سێشەممە شاندێکی هاوبەشی هەرێمی کوردستان چوونەتە بەغدا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی عێراق.

سالیادی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بەڕێوەچوو

فازڵ میرانی: یەکێتیی قوتابیان و یەکێتی لاوان دوو ڕووبارن لە خەبات



دوێنێ سێشەممە، بەبۆنەی دامەزراندنی 67 ساڵەیەوە، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ڕێوڕەسمێکی ڕێکخست و تیایدا بە مەبەستی پیرۆزبایکردن، بەڕێرسانی حزبی و حکوومەتی سەردانی سکرتاریەتی یەکێتیی قوتابیانی کوردستانیان کرد.
لە میانی بەشداریکردنی لە ڕێوڕەسمەکە، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی ئاماژەی بە ڕۆڵی یەکێتیی قوتابیان کرد و ڕایگەیاند کە بەشێکی زۆری سەرکردە و بەڕێرسان دەرچووی ڕێکخراوەکانی قوتابییان و لاوان و ئافرەتانن.
سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان، فازڵ میرانی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا گوتی: یەکێتیی قوتابیان و یەکێتی لاوان دوو ڕووبارن لە خەبات، چ لە خەباتی نهێنی و چ لە خەباتی شار و چەکداری، ئێستا قۆناغێکی گرنگتر ئەویش ئاوەدانکردنی کوردستانە و ئاوەدانکردنی ژێرخانی ڕۆشنبیری کوردستانە و ئەویش ڕووکردنە لە قوتابخانەکان و فێربوونە بە شێوەیەکی واقعییانە.
فازڵ میرانی گوتیشی: ئێمە ناتوانین ئێستا وەکو قیەننا و لەندەن بین، بەڵام دەبێت خەونێکمان هەبێت وەک ئەوان بین، ئێمە زۆرمان لە ئەوان کەمترە، چونکە ئێمە کەی دەوڵەتمان دروستکرد ئینجا دەتوانین وەک ئەوانمان لێ بێت، بێگومان دەبێت خەونی هەموان ئەوە بێت کە هەست بەوە بکەین کە دەوڵەتمان نییە و کەی ئەوەمان جێبەجێ کرد ئەوکات دەتوانین کێبرکێی هەموشت بکەین.
فازڵ میرانی جەختیکردەوە لەوەی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و ئافرەتان توانیوویانە ڕۆڵێکی باشیان هەبێت بە تایبەت لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا و گوتی: یەکێتیی قوتابیان و لاوان بەڕرسیاریێتییەکی گەورەیان هەیە، بەتایبەت لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەمە لە هەموو پارتە سیاسییەکاندا هەبووە، بۆیەش ئێمە سوپاسی ڕێکخراوەکانی خۆمان دەکەین کە پێشەنگ بوون لە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردندا.
سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتیشی: هەموومان لەم قوتابخانەیە دەرچووین و زۆر لە سەرکردەکان دەرچووی ڕێکخراوەکانی قوتابیان و لاوان و ئافرەتانن، بێگومان بەرهەمەکەیشی وڵاتەکە لێی سوودمەند دەبێت. شایەنی باسە لە کۆنگرەی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان بڕیاری دامەزراندنی ڕێکخراوی قوتابیان و لاوانی کوردستان درا و لە 18ی شوباتی 1953 ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان دامەزرا و تا ئێستا 14 کۆنگرەی ئەنجامداوە.

پێلانەکانی پارێزگاری سەپێندراوی کەرکووک بۆ پەکخستنی خوێندنی کوردی بەردەوامن

نوێنەری حکوومەتی هەرێم لە پۆڵەندا لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە کۆدەبێتەوە



هاوار موڕتکەیی

بەمەبەستی پەرەپێدانی زیاتری پەیوەندییەکانی نێوان پۆڵەندا و هەرێمی کوردستان، نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆڵەندا کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەرپرسانی ئەو وڵاتە ڕێکخست.
ئەمساڵیش وەکو ساڵانی پێشوتر، بەبۆنەی ساڵی نوێ و بەمەبەستی خستنەڕووی کار و چالاکییەکانی لە ساڵی 2019 و هەروەها پلانەکانی بۆ ساڵی 2020 نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە پۆڵەندا کۆبونەوەیەکی بۆ ژمارەیەک بەرپرسی پۆڵۆنی ڕێکخست، لەوانە نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی پۆڵەندا و دەزگا حکومییەکانی ترو حکوومەتی خۆجێیی و بەرپرسی دادنووسی پۆڵۆنیا و سەرۆک و بەرپرسانی چەند زانکۆیەکی وارشۆ و نوێنەرانی ژووری بازرگانی پۆڵەندی و ڕێکخراوەکانی یارمەتی مرۆیی و سەنتەرەکانی توێژینەوە و ڕۆژنامەنووسان ڕێکخست.
لەو کۆبونەوەیەدا کە حوسێن سافی کارگێڕی بالۆێزخانەی عێراق لە وارشۆ و وەلید شلتاغ بالۆێزی پێشووی عێراق لە وارشۆ و هەروەها بالۆێزی نوێی پۆڵۆنیا لە عێراق بەڕێز مارک کوبیاچ کە بەم نزیکانە دەستبەکار دەبێت لە بەغدا، زیاد ڕەئووف نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان باسێکی کورتی بارودۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کرد بەگشتی، دواتر ڕەوشی تازەی عێراق و دووبارە سەرهەڵدان و خۆڕێکخستنەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و هەروەها لەلایەکی تریشەوە، باسی لە ئاستەنگەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان کرد لە ساڵی نوێ وەکو ئالۆزی و ململانێی نێوان ئەمەریکا و کۆماری ئیسلامی ئێران و کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستان، ئەمە جگە لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و پۆڵەندا، تەوەڕێکی دیکەی ئەو کۆبونەوەیە بوو.

مەهاباد... هونەرمەندی دەنگخۆش جەعفەر مامڵێ کۆچی دوایی کرد





شەوی 2020/2/17 هونەرمەند جەعفەر مامڵێ، بۆ هونەرمەندی بەناوبانگی کورد مەحەمەدی مامڵێ، بەهۆی نەخۆشییەوە لە شاری (مەهاباد)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.

جەعفەر مامڵێ لە ساڵی 1941 لە مەهاباد لەدایکبووە، چەند بەرهەمێکی تۆمار کردووە، لە ساڵی 1999 چەند کۆنسێرتێکی لە سوید بەڕێوەبردووە، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش کۆنسێرتی هەبووە.

هونەردۆستان و خەڵکی کوردستان بەگشتی، پێشوازییان لە دەنگی جەعفەری مامڵێ کردووە، بەمەش هونەری کوردی، هونەرمەندێکی دەنگخۆشی دیکەی لەدەست دا.

زیاتر لە 140 ڕۆژە خۆپیشاندان و مانگرتن لەناوەڕاست و باشوری عێراق بەردەوامە

پەرلەمانتارێکی عێراق بۆ خەبات: جێگای پێکەنینە پێت وابێت کابینەی چاوەڕوانکراوی عێراق دوور دەبێت لە بژاردەی حزبەکان

ئێستا ئیدارە و سیاسەتی عێراق لەدەست حکوومەت و هێزە عێراقییەکان نەماوە و لە دەرەوە هەڵدەسووڕێندرێ



خەبات/مەریوان نەقشبەندی:

لەکاتێکدا کە خۆپیشاندان و ناڕەزایی لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق دژی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و خزمەتگوزاری خراپ، 140 ڕۆژی تێپەڕاند زۆربەی دانیشتوانی عێراق بەدووری دەزانن محەمەد تۆفیق عەلاوی بتوانێ بارودۆخی خراپی عێراق ڕاست بکاتەوە، لە لێدوانێکی تایبەتیش بە ڕۆژنامەی خەبات وەحدە جومەیلی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: جێگەی پێکەنینە پێت وابێت بەبێ ڕەزامەندی و پرسوڕاکردن بەحزبەکانی ئێستای عێراق کابینەیەکی حکومی پێکبێت و متمانە لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق وەربگرێت کە هەموویان لەسەر پشکی حزبەکان خۆیان کاندید کردووە و ناتوانن لە خواست و سیاسەتی حزبەکانیان دەرچن.

وەحدە جومەیلی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: ئەوە زیاتر لە 140 ڕۆژە ناڕەزایی و خۆپیشاندان بۆ باشترکردنی ڕەوشی خزمەتگوزاری و سیاسی لەعێراق بەردەوامە و حکوومەت نەیتوانیوە چارەسەری ئەم ڕەوشە بکات و تازە بەتازە چارەسەری ئەو بڕیندارانەی لەخۆپیشاندانەکانەوە دەڕێنە نەخۆشخانەکانی عێراق ڕەتدەکرێنەوە و دەرمانیان پێنادەن. گوتیشی: نە کابینەی چاوەڕوانکراوی محەمەد تۆفیق عەلاوی و نە هیچ کابینەیەکی تر چارەسەری ئەم کێشانەی عێراقی پێناکرێت چونکە ئەمنییەکاندا ڕوویداوە.بەگوتەی سەرچاوەکە لەمیانی ڕووبەڕووبونەوە و پێکدادانەکاندا، هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکڕێژیان بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکارهێناوە کە بە هۆیەوە 12 خۆپیشاندەر بریندارببوون.

هاوکات شایەتحاڵەکان ڕایانگەیاند کە ئەو خۆپیشاندەرانە لە ئاکامی تەقەکردن و بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بریندارببوون.

هەر لەوبارەوە گوتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا عەبدولکەریم خەلەف ڕایگەیاند کە دوای دەنگدانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر کابینەی حکوومەتەکەی ئێستا ئیدارە و سیاسەتی عێراق لەدەست حکوومەت و هێزە عێراقییەکان نەماوە و لەدەرەوە هەڵدەسووڕێندرێ. بەڵام ئامادە نەبوو ناوی ئەو لایەنە دەرەکییانە بهێنێ.



عەبدوڵڵا گوێل: کێشەی کورد سنوورەکانی بڕیوە و بووەتە پرسێکی نێودەوڵەتی

سیستمی سەرۆکایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکیا ناگونجێت

K24: عەبدوڵڵا گوێل ڕایدەگەیەنێت، پرسی کورد سنوورەکانی تێپەڕاندووە و بووەتە پرسێکی نێودەوڵەتی. عەبدوڵڵا گوێل، سەرۆک کۆماری پێشووی تورکیا ڕەخنەی لە سیستمی تورکیا گرت و بە ڕۆژنامەی ئاکاری تورکی ڕایگەیاند: سیستمی سەرۆکایەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی تورکیا ناگونجێت و دوای ئەو سیستمە سەرجەم کێشەکان گەورەتر بوون.

ئاماژەی بەوەش کرد: پرسی کورد کێشەی بنەڕەتی تورکیایە و ئەگەر ئەو پرسە چارەسەر نەکرێت، تورکیا لە کێشەکان ڕزگار نابێت، کورد لەنێو جوگرافیای چوار وڵاتدان و زۆرینەیان لە تورکیان و چالاکن.

عەبدوڵڵا گوێل، ڕاشیگەیاند: کوردانی تورکیا تێکەڵ بە کۆمەڵگەی تورکیا بوونە و جیاکردنەوەیان زەحمەتە.

بەبڕوای عەبدوڵڵا گوێل، چارەسەرکردنی پرسی کورد، بە بەخشینی مافی هاوواڵتییەکی یەکسان و دانانی دەستورێکی نوێ و دانان بە مافەکانیان دەبێت. ئەگەر مافەکانی کورد مسۆگەر بێن، ئەوکات تورکیا دەتوانێت کێشەکانی دەرەوەی بە ئاسانی چارەسەر بکات.



باکووری کوردستان... بەهۆی هەرەسی بەفرەوە ڕێگای نێوان جۆڵەمێرگ و شرنەخ داخرا

لە هەندێک شوێن ئاستی بەفر گەیشتووەتە چوار مەتر

ڕێگای سەرەکی نێوان جۆڵەمێرگ و شرنەخ لە نزیک گوندی چغڵی بەهۆی هەرەسی بەفرەوە بەڕووی هاتوچۆدا داخرا. بەهۆی ئەو شەپۆلی بەفرباریناوی ماوەی چەند ڕۆژێکە لە باکووری کوردستان کاریگەریی درووستکردووە لە گوندی چغڵی سەربە شارۆچکەی چوکورجا لەسەر ڕێگای نێوان جۆڵەمێرگ و شرنەخ بەفر هەرەسی هێنا. تیمەکانی ڕامالینی بەفر سەربە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانەکان، بەمەبەستی کردنەوەی ڕێگاکە دەستیان بە کارەکانیان کردووە و لە هەندێک شوێن ئاستی بەفر گەیشتووەتە چوار مەتر.

عێراق.. بریندار‌بوونی 12خۆپیشاندەر لە بەغدا

ڕاگەیەندرا کە لەمیانی ڕووبەڕووبونەوەکانی ڕۆژی دووشەممەی نێوان خۆپیشاندەران لە ناوەڕاستی بەغدا و هێزە ئەمنییەکاندا، 12 خۆپیشاندەر بریندارببوون.

لەوبارەوە سەرچاوەیەکی پزیشکی ڕایگەیاند کە ڕۆژی دووشەمە ڕووبەڕووبونەوەکان لەنێوان خۆپیشاندەران لە گۆڕەپانی تەحریر و هێزە ئەمنییەکاندا ڕوویداوە.بەگوتەی سەرچاوەکە لەمیانی ڕووبەڕووبونەوە و پێکدادانەکاندا، هێزە ئەمنییەکان گازی فرمێسکڕێژیان بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکارهێناوە کە بە هۆیەوە 12 خۆپیشاندەر بریندارببوون.

هاوکات شایەتحاڵەکان ڕایانگەیاند کە ئەو خۆپیشاندەرانە لە ئاکامی تەقەکردن و بەکارهێنانی گازی فرمێسکڕێژ لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بریندارببوون.

هەر لەوبارەوە گوتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، لیوا عەبدولکەریم خەلەف ڕایگەیاند کە دوای دەنگدانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر کابینەی حکوومەتەکەی ئێستا ئیدارە و سیاسەتی عێراق لەدەست حکوومەت و هێزە عێراقییەکان نەماوە و لەدەرەوە هەڵدەسووڕێندرێ. بەڵام ئامادە نەبوو ناوی ئەو لایەنە دەرەکییانە بهێنێ.

ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتی: لە عێراق چارەنووسی یەک ملیۆن هاووڵاتی نادیارە

گومان دەکرێت لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق 200 گۆڕی بەکۆمەڵ هەبێت

لێژنەی نێودەوڵەتی لە عێراق کە تایبەت لێکۆڵینەوە لەسەر هاووڵاتییە ونبووەکانە ڕاپۆرتێکی بڵاو کردووەتەوە ڕای گەیاندووە کە نزیکەی یەک ملیۆن هاووڵاتی ونبووی عێراقی تاکوو ئێستا چارەنووسیان دیار نییە. ڕاسا ئوسترا کە بەرپرسی لێژنەکەیە، دەڵێت لە ساڵی 1950وە تاکوو ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن هاووڵاتیی ونبووی عێراقی چارەنووسیان دیار نییە، بۆیە لەگەڵ حکوومەتی عێراق و هەرێمی کوردستان بەردەوامن و لە هەوڵدان کە چارەنووسی ئەو هاووڵاتییە ونبووانە بدۆزرێتەوە. سەبارەت ئەو گۆڕە بە کۆمەڵەکانیش ڕاسا ئوسترا ڕایگەیاندووە کە گومان دەکرێت 200 گۆڕی بەکۆمەڵ لە ناوچە جیاجیای عێراق هەبێت، 100 گۆڕی بە کۆمەڵیش پشتڕاست کراوەتەوە، بەڵام تا ئێستا هەڵنەدراونەتەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەش دراوە کە لەسەر ئاستی جیهان، عێراق لە پلەی یەکەمین دێ کە زۆرترین هاووڵاتی ونبووی هەیە.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/2/19 ژمارە (5936)
خەبات

دەزگای دژە تیرۆری عێراق: داتا و زانیارییمان لایە سەبارەت بە پاشماوەکانی داعش

لە رۆژانی داهاتوودا ئۆپەراسیۆن بۆ سەر حەشارگەکانی تیرۆریستان ئەنجام دەدرێت



دەزگای دژە تیرۆری عێراق بڵاویکردەوە کە داتا و زانیاری سەبارەت بە پاشماوەکانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعشی لایە کە هێزە ئەمنییەکانی هەرێمیی و نێودەوڵەتی سوودی لێ دەبینن. لەوبارەوە گوتەبێژی دەزگای دژە تیرۆری عێراق "هێزەکانی بژاردە لە سوپا"، سەباح نوعمان لە راگەیەندراوێکدا رایگەیاندووە: ستراتیژییەت و دیدی دەزگای دژە تیرۆر بۆ راوەدوونانی پاشماوەکانی رێکخراوی تیرۆریستیی داعش، خۆی لە چۆنیەتی سوود وەرگرتن لە هەوڵی وەزارەتەکان و دەزگاکانی دیکەدا دەبینێتەوە لە بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری و هۆشیاری بۆ خۆپاراستن لە تاوانی تیرۆر.

سەباح نوعمان ئەوەشی گوتووە: دەزگای دژە تیرۆر داتا و زانیاری سەبارەت بەو تیرۆریستانەی لایە کە لە عێراق بوونیان هەیە. گوتەبێژی دەزگای دژە تیرۆری عێراق، سەباح نوعمان باسی لەوەش کردووە، ئەو داتا و زانیارییانە بوونەتە سەرچاوەیەک کە هێزە ئەمنییەکانی هەرێمیی و نێودەوڵەتی سوودی لێ دەبینن.

سەباح نوعمان جەختی لەوەشکردەوە کە لەمیانی رۆژانی داهاتوودا، ئۆپەراسیۆن بۆسەر حەشارگەکانی تیرۆریستان لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق ئەنجام دەدرێت. جێی باسە رۆژی شەممەی رابردوو، دەزگای دژە تیرۆر عێراق کوژرانی 10 چەکداری داعشی لە ناوچەی حەمرین باکووری پارێزگای دیالە راگەیاندبوو.



عێراق.. هێزەکانی دانیمارک دەگەڕێنەوە بنکەی عەین ئەسەد

وەزیری بەرگریی دانمارک، ترین برامسن رایگەیاند کە لە سەرەتای مانگی داهاتوودا، بەمەبەستی دەستپێکردنەوە بە مەشقکردن بە هێزەکانی عێراق، سەربازەکانیان دەگەڕێنینەوە بنکەی عەین ئەسەد رۆژئاوای عێراق.

ترین برامسن لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوەکردووە کە لە سەرەتای مانگی داهاتوودا، هێزەکانی دانمارک دەگەڕێنەوە بنکەی عەین ئەسەد بۆ ئەوەی دەست بکەنەوە بە مەشقکردن بە هێزەکانی عێراق لە شەڕی دژبە رێکخراوی تیرۆریستیی داعش. وەزیری بەرگریی دانمارک، ترین برامسن تیشکی خستووەتە سەر ئەوەی کە رەوشی ئێستای ئەمنی بنکەی عەین ئەسەد هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ ئەو رەوشەی کە بەر لەوەی ئێران هێرشە مووشەکییەکەی بۆسەر بنکەکە ئەنجام بدات و گوتی: هیچ مەترسی لەسەر گەڕانەوەی سەربازانمان نییە بۆ بنکەی عەین ئەسەد.

ترین برامسن ئەوەشی گوت: گرنگ ئەوەیە دەست بکەینەوە بە مەشقکردن بە هێزەکانی عێراق بۆ ئەوەی خۆیان ئاسایشی وڵاتەکەیان بپارێزن. جێی باسە دانمارک کە یەکێکە لە وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانییەتی نێودەوڵەتی دژبە داعش دوای هێرشە مووشەکییەکەی ئێران بۆسەر بنکەی عەین ئەسەد بەهۆی مەترسی ئەمنییەوە 130 سەربازی لە بنکەکەدا گواستبووەوە بۆ کوێت.

ئیسرائیل وەڵامی هەموو ئەو مووشەکانە دەداتەوە کە لەغەزەوە ئاراستە دەکرێن



نەفتالی بینیت، وەزیری بەرگری ئیسرائیل رایدەگەیەنێت، ئەگەر هێمنی بۆ شوێنی جوولەکەنشینەکانی نزیک باشوور نەگەڕێتەوە، ئەوا بەهارێکی بەئازار دەبێت بۆ بزووتنەوەی حەماس فەڵەستینی. وەزیری بەرگری ئیسرائیل لەدیدارێکدا لەگەڵ رادیۆی ئیسرائیلی گشتی گوتی: ئەگەر هێمنی بۆ باشووری ئیسرائیل نەگەڕێتەوە، ئەوا بژاردەی دیکەمان هەیە کە دەبێتە بەهارێکی بەئازار بۆ بزووتنەوەی حەماسی فەڵەستینی کە کۆنترۆڵی کەرتی غەززەی بەدەستەوەیە.گوتیشی: ئیسرائیل وەڵامی هەموو ئەو مووشەکانە دەداتەوە کە لەغەزەوە ئاراستە دەکرێن.

هێزەکانی سووریا دەگەنە سنووری عەفرین



رووداو: هێزەکانی حکوومەتی سووریا لە باکووری رۆژئاوای حەلەب گەیشتنە گوندەوارەکانی هەرێمی عەفرین لە رۆژئاوای کوردستان. شەوی دووشەممە 2020/02/17 هێزەکانی حکوومەتی سووریا، گوندی شێخ عەقیلیان لە باکووری رۆژئاوای شاری حەلەب کۆنترۆڵکرد. بە کۆنترۆڵکردنی ئەو گوندە، هێزەکانی سوپای سووریا گەیشتنە سەر سنوورەکانی هەرێمی عەفرین لە رۆژئاوای کوردستان.

هەروەها هێزەکانی حکوومەتی سووریا چوونە نێو گوندەکانی "باشمرە" و "زۆق کەبیر" لە ناوچەی شێراوە. ئێستا هێزەکانی حکوومەتی سووریا گەیشتوونەتە سنووری گوندەکانی "کبێشین" و "فافەرتینێ" لە ناوچەی شێراوە کە بە دەست گرووپە چەکدارە سوورییەکانی سەر بە تورکیاوەن. جێی باسە رۆژی دووشەمە فڕۆکە جەنگییەکانی ڕووسیا بۆ یەکەمجار ناوچەیەکی هەرێمی عەفرینیان بۆردوومانکرد کە لەژێر دەستی چەکدارە سوورییەکانی سەر بە تورکیادایە.

زاڵمای خەلیلزاد: دەرفەتێکی باش هاتووەتە پێش بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ لە ئەفغانستان

نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئاشتی لە ئەفغانستان، زاڵمای خەلیلزاد سەبارەت بە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیباندا رایگەیاند کە گرنگە هەموان پێکەوە کار بکەن لەپێناو سەرخستنی پرۆسەکە. زاڵمای خەلیلزاد لە هەڤماری تایبەتی خۆی لە یەکێک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕوونکردنەوەیەکی سەبارەت بە پێشهاتەکانی ئەفغانستان بڵاوکردووەتەوە تیایدا ئەوەی خستووەتەڕوو کە دەرفەتێکی باش هاتووەتە پێش بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگ لە ئەفغانستان و بەدیهێنانی سەقامگیری لەو وڵاتە و نووسیوویەتی: دەبێت بەشێوەیەکی باش ئەو دەرفەتە هەڵبسەنگێدرێت و پێکەوە کار بکەین لەپێناو سەرخستنی پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیباندا.

نێردەی تایبەتی ئەمەریکا بۆ ئاشتی لە ئەفغانستان، زاڵمای خەلیلزاد باسی لەوەشکردووە کە ئامادەکاری کراوە بۆ ئەوەی دانووستانی ئاشتی لەنێوان حکوومەتی ئەفغانستان و بزووتنەوەی تاڵیباندا ساز بکرێت. جێی باسە رۆژی هەینی رابردوو بەرپرسێک لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ئاشکرایکردبوو کە وڵاتەکەی گەیشتووەتە ئاگربەست بۆ ماوەی حەوت رۆژ لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیباندا کە بەم نزیکانە دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە.

پێشتریش رۆژنامەی "نیویۆرک تایمز" لە بەرپرسانی ئەمەریکا و ئەفغانستان بڵاویکردبوویەوە، ئەگەر بزووتنەوەی تاڵیبان بیسەلمێنێت کە پابەند دەبێت بە ئاگربەستەکەوە، ئەوا لەمیانی ئەم مانگەدا، ئاگربەستەکە دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە. حکوومەتی ئەفغانستان هەوڵدەدات دانووستانی ئاشتی لەگەڵ بزووتنەوەی تاڵیبان ساز بکات و بۆ ئەو مەبەستەش ئەنجوومەنێکی ئاشتی پێکهێناوە، بەڵام تا ئێستا هیچ پێشڕەچوونێک لەوبارەوە بەدی نەهاتووە.

بە گومانی پەیوەندییان بە ڕێکخراوەکەی فەتحوڵا گوڵەنەوە

دەسەڵاتدارانی تورکیا فەرمانی دەستگیرکردنی 695 کەس دەدەن

دەنگی ئەمەریکا: دەسەڵاتدارانی تورکیا فرمانی دەستگیرکردنیان بۆ سەدان کەس دەرکردووە بە گومانی ئەوەی پەیوەندییان بە ڕێکخراوەکەی فەتحوڵا گوڵەنەوە هەیە. ئانکەرە ئەم ڕێکخراوەی گوڵەن بە ڕێکخستنی کودەتا سەرنەگرتووەکەی مانگی حەوتی ساڵی 2016 گوناهبار دەکات.

ئاژانسی دەنگ و باسی ئەناتۆلیا دەڵێت لێکۆڵەرەکان دەستیان کردووە بە گەڕان بە شوێن 695 کەسدا، کە خەڵکی سەربازی و پۆلیس و فەرمانبەری وەزارەتی دادی تورکیای تیادان. بەپێی زانیاریەکانی ئاژانسی ئەناتۆلیان بڵاوی کردونەتەوە، تا سەرلەبەیانی ڕۆژی سێشەممە نزیکەی 159 کەس دەستگیرکراون. لە سێ ساڵی ڕابردوودا دەیان هەزار کەس لە تورکیا دەستگیرکراون، یان لە کارەکانیان دوور خراونەتەوە، وەک هەوڵێکی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بۆ لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵکێشانی ئەو ڕێکخراوەی گوڵەن. فەتحوڵا گوڵەن، نزیکەی 20 ساڵە لە ئەمەریکا دادەنیشێت و نکوڵی دەکات لەوەی پەیوەندی هەبووبێت بەو کودەتا سەرنەگرتووەوە.



ئێران.. سەپاندنی سزای زیندانیکردن بەسەر هەشت چالاکوانی ژینگە پارێز

دادگای باڵای ئێران، سزای زیندانی چوار بۆ 10 ساڵی بەسەر هەشت چالاکوانی ژینگە پاریزدا پەسەندکرد کە تاوانی هاریکاریکردن لەگەڵ حکوومەتی ئەمەریکا و سیخوڕیکردن لەسەر ناوەندە سەربازییەکانیان دراوەتە پاڵ. بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی هەواڵی فەرمی ئێران IRNA گوتەبێژی دادگای تیهەڵچوونەوەی تاران، غوڵام حوسەین ئیسماعیلی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا لە تاران سەبارەت بەو بڕیارە دوا کە لەبارەی ئەو چالاکوانانەی ژینگەوە دراوە بەتاوانی سیخوڕیکردن.

ئیسماعیلی باسی لەوە کرد کە پێشتر لەلایەن دادگای باڵاوە سزای زیندانیکردنەکان پەسەندکراوە و گوتی: تۆمەتباران مراد تاکباز، نیلوفەر بەیانی، هومەن جوکار، تاهیر قادریان، سام ڕەجەبی و سپیدە کاشان دوست بە تاوانی هاریکریکردن لەگەڵ حکوومەتی ئەمەریکا سزای زیندانی شەش بۆ 10 ساڵیان بەسەردا سەپێندراوە.

ئیسماعیلی ئەوەیشی خستەڕوو کە ئەمر حوسەین حەلەقی حەمیدی بە تاوانی سیخوڕیکردن سزای شەش ساڵ زیندانی و عەبدولڕەزا کوهپای بە تاوانی ئەنجامدانی کردە دژبە ئاسایشی نیشتمانی سزای چوار ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.

لە سەرەتای ساڵی 2018دا لە چەند پارێزگایەکی ئێران ژمارەیەکی زۆر چالاکوانی ژینگە پارێز دەستبەسەرکران و دۆسیەی "سیخوڕیکردن بەسەر نەوەندە سەربازییەکان"یان لەسەر کرایەوە. لەم نێوەندەدا، چالاکوانی ژینگە کاڤوس سەید ئیمامی کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئێران و کەنەدایە لەمیانی دەستبەسەری لە مانگی گیانی لەدەستدا. سەید ئیمامی کە لە بواری سۆسیۆلۆجی کاری دەکرد پۆستی بەڕێوبەری وەقفی میراتی ژیانی کێوی پێرسی بەڕێوەدەبرد، کە لە بواری پاراستنی ئاژەڵانی دەگمەندا چالاکی بەڕێوەدەبات.

ژمارەیەک لە زانایان، چالاکوانانی ژینگە و ئەکادیمیست کە 330 کەسن و ڕاوێژکاری بەرنامەی ژینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیان ریدمۆند و بالێزی ئاشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، جەین گودئۆلیان لەنێودایە لە تشرینی دووەمی 2018دا نامەیەکیان ئاراستەی ڕێبەری ئێران، عەلی خامنەیی کرد و داوایان لێکرد ئەو چالاکوانانەی ژینگە پارێز کە دەستبەسەرکراون بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دادگایی کرێن.

هەواڵەکانتان بۆ ئەم ناونیشانە بنێرن: Hawal.xabat@yahoo.com
www.xebat.net
چوار شەممە 2020/2/19 ژمارە (5936)
خەبات

هەولێر.. لە شەقامی 60 مەتری ساڵیادی شەهید کردنی فرەنسۆ هەریری کرایەوە



سەر لە بەیانی دوێنێ سێ شەممە 18ی شوبات، بە ئامادەبوونی عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی و ئەحمەد کانی بەرپرسی لقی دووی پارتی د.فرسەت سۆفی پارێزگای هەولێر و ئومێد خۆشناو سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان و هەردوو سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان و ناوچەی برایەتی، ناوەندی دووی هەولێری یەکێتی لاوان لە شوێنی شەهیدکردنی مەراسیمێکی لە یادی 19 ساڵەی شەهید کردنی سەرکردە و خەباتگێری گەلەکەمان فرەنسۆ هەریری رێککەست کە کاتژمێر 7:50 لە بەرەبەیانی 18 ی شوباتی 2001 لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا شەهید کرا.

ئەحمەد کانی پیشانگایەکی فۆتۆیی خەبات و تێکۆشانی شەهید فرەنسۆ هەریری دەکاتەوە

دوێنێ سێ شەممە 18ی شوباتی 2020 ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان،پیشانگایەکی فۆتۆیی خەبات و تێکۆشانی شەهید فرەنسۆ هەریری کردەوە کە لیژنەی ناوچەی هەولێر بۆ فۆتۆگرافەر مەحمود هەولێری کردەوە. ١لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی پیشانگاکەدا کە کارگێڕانی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی لیژنە ناوچەکان و هەڤاڵان و هونەرمەندان و ڕۆشنبیران ئامادەی بوون، ڕێکان سەلام خۆشناو بەرپرسی لیژنەی ناوچەی هەولێر لە وتەیەکدا ئاماژەی بە مێژووی خەباتی شەهید فرەنسۆ هەریری کرد کە بەرەبەیانی ڕۆژی 18ی شوباتی 2001 بە دەستی ڕەشی تیرۆریستان لە شاری هەولێر شەهید کرا. هەر بەو بۆنەوە بەرپرسی لقی دوو دەستخۆشی گەرمی لە فۆتۆگرافەر مەحمود هەولێری کرد و ستایشی لیژنەی ناوچەی هەولێریشی کرد کە پێشانگایەکی فۆتۆیی بەو بۆنەوە ڕێکخست کە تێیدا ئاماژەی بە وێستگەی ژیان و خەباتی شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریری دەکرد.

لقی 16: چەند چالاکییەک لەیادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بەڕێوەچوو



لەیادی 67 ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەهۆڵی بۆنەکان لەبارەگای لقی16 بە ئامادەبوونی بڵند ئیسماعیل بەرپرسی لقی16ی هەولێری پارتی دیموکراتی کوردستان و نێچیروان حسێن سکرتێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بەرپرس و کارگێڕانی لقی ڕێکخراوەکەو ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەقوتابیانی سنوورەکە لقی دەوروبەری هەولێری یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەمەراسیمێکی جوان و شایستەدا بەم بۆنەیەوە چەند چالاکییەکی ئەنجامدا. لەدەسپێکی مەراسیمەکەدا پێشانگایەکی کتێب کرایەوە کەتیایدا زیاتر لە 1500 ناونیشانی جۆراوجۆری لەهەموو بوارەکاندا لەخۆگرتبوو بەئامانجی هاندانی قوتابیان بۆ زیاتر گرنگیدان بەخوێندنەوەو سوود بینین لەو پەرتوکانە ,هەر لەمیانی مەراسیمەکەدا پانێلێک سازکرا لەژێرناونیشانی قوتابی خوێنەر و لەسەرەتای پانێلەکەدا بەرپرسی لق وێڕای پیرۆزبایی گەرمی بۆ ئەندامانی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە یادی 67 ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەیان ئاماژەی بەرۆڵی گرنگی ئەو ڕێکخراوە کرد لەقۆناغە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشانیدا کە لەپاڵ ئەرکە پیشەییەکەیاندا کە خزمەتکردن بووە بەتوێژی قوتابیان و پێگەیاندنیان و گۆشکردنیان بەگیانی نیشتمان پەروەرانە و زانستخوازانە ڕۆڵی گەورەشیان بینیوە لەپێشخستنی کۆمەڵگاو بەرگریکردن لەنیشتمان.

بەرپرسێ لقا ئێک بەرهەقی خوەشیا قوتابی و لاوان بوو



ب هەلکەفتا 18 شوباتێ سال ڕوژا دامەزراندنا ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ و لاوێن دیموکراتا کوردستانێ سەربەست ترانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا و پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب یاوەریا کارگێرێن لقێ ب مەرەما پیروزباهیکرنێ سەرا لقێن دهوک و سێمێلێ بێن قوتابی و لاوان دا ، دڤێ سەرەدانێ دا بەرپرسێ لقێ د پەیڤەکێ دا بناڤێ خوە و ناڤێ لقا ئێک پیروزباهێن گەرم ئارستەی وان کرن و گوت :ئەڤ هەردوو قوتابخانە جهەکێ وەبەرهێنانێ بوویە ژ بو دروستکرنا کادران کو دهی ب قەلەم و لاڤینیا خوە بەرگری ل ئاخ و نشتیمانێ خوەدکر و ئەڤرو ژی برەنگەکێ دی یێ خەباتێ د بەژدارن د پێشڤەچونا کوردستانێ دا.

بەرپرسێ لقا 9: لاوان و قوتابیان ل گشت قوناغێن تێکوشینا گەلێ مە ڕولەکێ بەرچاڤ دیتییە



شاندەکێ لقێ سەردانا ستافێ هەردوو ڕێکخراوێن لاوان و قوتابیان کر ل هۆلا کونفرانسان بمەرەما 67 سالیا دامەزراندنا وان و شاندێ لقێ گەرمترین پیروزباهییێن خو ئاراستەی هەردوو ڕێکخراوان کرن و ڕاگەهاند لاوان و قوتابیان سەلماند کو ل گشت قوناغێن خەبات و تێکوشینا گەلێ مە و بزاڤا سیاسی ڕولەکێ دیار و بەرچاڤ دیتی یە و یارون و ئاشکرایە کو ئەرک و کارێ تەخا بەرفرەها ئێکەتیا قوتابیان و لاوان چەندا ب بها وگرنگە و چ سەنگ و کاریگەریا خۆ هەیە ل سەر ڕەوتا پەروەردە و فێرکرنێ و پێشڤە برناجڤاکی و دیسان داکوکی کرنە ل دەستکەفتێن پێشکەفتا کومەڵگەهێ و هوشیاریا تاکی للایەکێ دیڤە ، ل ڤی ڕویەیی ڤە قوربانیەکا زور یا دایی و دبەردەوامن ژی دڤی ئەرکێ پیرۆزدا ل دیماهیێ شاندێ لقێ9 هیڤیا سەرکەفتنێ بو وان خواست.

هەولێر... بکوژێک دوای 6 ساڵ لە ئەنجامدانی تاوانەکەی دەستگیر کرا



دوای ئەوەی تۆمەتبارێک لە ساڵی 2014دا لە کۆمەڵگای بنەسلاوە لە هەولێر کەسێکی کوشت و دواتر بۆ شوێنێکی نادیار هەڵات، دوێنێ لەلایەن تیمەکانی پۆلیسی هەولێرەوە دەستگیرکرا.

31ی 3ی ساڵی 2014دا، تۆمەتبارێک بە ناوی خ.چ.ق. ، تەمەن 39 ساڵ، بە چەکی جۆری کلاشینکۆف لە کۆمەڵگای بنەسلاوە هاوڕێکانیەکی بە ناوی سامان عەلی عومەر کوشتبوو. عەمید دلێر نەجارِ گوتیشی، تۆمەتبارەکە دوای ئەنجامدانی تاوانەکە بۆ شوێنێکی نادیار هەڵاتبوو . ڕوونیشی کردەوە، دوێنێ تیمەکانی پۆلیسی هەولێر توانییان تۆمەتبارەکە لە کۆمەڵگای مەلا ئۆمەر دەستگیر بکەن، کە دەمانچەیەک و دوو مەخزەن و چەند فیشەکێکیشی پێ بوو. ئاماژەی بەوەش کرد، کە تۆمەتباری ناوبراو پێشتر بەپێی ماددەی 406 لە یاسای سزادان لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێرەوە بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەرکرابوو.

پارێزگەرێ دهوکێ 67 سالیا دامەزراندنا ئێکەتیا قوتابی و لاوان پیروز کر

ب هەلکەفتا دەربازبونا 67 سالا ل سەر دامەزراندنا ئێکەتیا قوتابیان و ئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ فەرهاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دهوکێ سەرا کوربەندێ ئێکەتیا قوتابیێن کوردستانێ دا ، ژ لایێ بەرپرس و ئەندامێن ئێکەتیا قوتابیان وئێکەتیا لاوێن دیموکراتا کوردستانێ پێشوازی لێ هاتە کرن. بڤێ هەلکەفتێ پارێزگەرێ دهوکێ 67 سالیا دامەزراندنا ئێکەتیا قوتابی و لاوان پیروز کر و سەرکەفتن بو ئەندامێن هەردوو ڕێکخراوا خواست و ڕولێ هەردوو ڕێکخراوا دخەبات وپێشڤەچونێ دا بەرز سەناگاند.

وەزیری کارەبا چەند بڕیارێکی دەرکرد

ئەندازیار کەمال محمد سالح وەزیری کارەبا سەرپەرشتی کۆبونەوەیەکی فراوانی وەزارەتی کرد کە بریکار و ڕاوێژکاران و بەڕێوەبەرانی گشتی ئامادەیی بوون، وەزیری کارەبا لەو کۆبوونەوەیەدا باسی لە جێبەجێکردنی پڕۆسەی چاکسازی کردو لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێنا بۆ ئەوەی لە ماوەی 10 ڕۆژدا ڕاپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن. سەبارەت بە سەر پێچیەکانی کارەباش وەزیری کارەبا سوپاسی هاوڵاتیانی کرد کە وەک پێویست هەماهەنگ بوونە لەگەڵ تیمەکانی وەزارەت و تەئکیدی لەوەش کردەوە کە تیمەکانی نەهێشتنی زیادەڕۆیی و سەرپێچی کارەبا لە تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەبن بە هاوکاری یەکە ئیدارییەکان و چاو پۆشی لە هیچ سەرپێچیەک ناکەن. هەر لەو کۆبونەوەیەدا وەزیری کارەبا باسی پڕۆژەکانی وەزارەتی کرد لە بوارەکانی گواستنەوە و دابەشکردنەوە لەم بارەیەوە بریاری دا هەموو ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی لە بەردەم جێبەجێکردنی پڕۆژەکانە چارەسەری پێویستیان بۆ بدۆزرێتەوە.

عەلی حوسێن لەگەڵ نوێنەرانی پارتە تورکمانیەکان لە پەرلەمانی کوردستان جەختیان لە هەماهەنگییەکان بۆ خزمەتکردن بە پێکهاتەی تورکمان کردەوە



دوێنێ عەلی حسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەئامادەبونی بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانیەکان و ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لەنوێنەرانی پێکهاتەی تورکمان لەپەرلەمانی کوردستان کرد ....

لە دیدارێکدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ نوێنەرانی پێکهاتەی تورکمان لەپەرلەمانی کوردستان باسیان لەپاراستنی یەکڕیزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی نەتەوەی کوردو تورکمان لە پێناو خزمەت کردن بەئەزموونی دیموکراسی و خەڵکی کوردستان کرایەوە، هەروەها بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی عێراق و پێکهێنانی حکومەتی نوێ بەبەشداری تەواوی پێکهاتەکانی لە عێراق و کوردستان کرد، لەهەمبەر هەموو ئەم پرسانە هەردوولا تەئکیدیان لەهەماهەنگی و یەکگوتاری زیاتری لایەنە سیاسیەکان و تەواوی پێکهاتەکان کردەوە، پاشان نوێنەرانی پارتە تورکمانیەکان بەناوی پێکهاتەی تورکمان لە کوردستان چەندین پێشنیارو بۆچوون و داخوازی بۆ پێشکەوتنی تەواوی کایەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و کلتورو هونەری تورکمان لە هەرێمی کوردستان لەخۆگرتبوو خستەروو ، هاوکات ستایشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانیان کرد کە هەمیشە مافەکانی پێکهاتەی تورکمانیان لەبەرچاو گرتووە، لەلایەن خۆیەوە بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی ڕۆلی پارتە تورکمانیەکانی لە هاوکێشە سیاسیەکان و هەڵوێسیان بەرامبەر پرسە سیاسی و نیشتمانیەکان و بەشداری کارایان لە حکومەت بەبەرزی هەڵسەندگاند و تەئکیدی کردوە خزمەت کردنی پێکهاتەکان بەئەرک و بەرپرسیارەتی خۆمان دەزانین.

www.xebat.net
چوارشەممە 2020/2/19 ژمارە (5936)

لێپرسینەوەو سەرپێچییەکان بەردەوامن

قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر: پشکنین و چاودێری بازاڕ دەکەین و چەندین کەس سزادراون

هاوواڵتیان: هێشتا لە زۆر شوێن خۆراکی ماوەبەسەرچوو و کوالێتی نزم هەیە







خەبات: فاتیح بەرزنجی

بەقسەی قائیمقامی قەزای ناوەندی هەولێر ڕۆژانە تیمەکانی لێژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕی سەر بەقایمامیەتی قەزای ناوەندی هەولێر خەریکی پشکنین و بەدواداچوونن بۆ شوێنە گشتیەکان و خواردنگەو کۆگاکانی خۆراک و دەرمان و سەمونخانەکان، بەڵام هاوواڵتیان باس لەوە دەکەن کە هێشتا لە زۆر شوێن خۆراکی ماوەبەسەرچوو و کوالیتی نزم زۆرە.

هاوواڵتیان: بەدواداچوون بۆ سکاڵای هاوواڵتیان زۆر گرنگە

مام قادر لەگەڕەکی 94ی باداوە گوتی: لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە کارو چالاکیەکانی تیمەکانی لێژنەی پشکنین دەبینین و داوایان لێ دەکەم کە سەردانی گەڕەکە دوورەکان و شوێنە میللیەکانیش بکات تا لەنزیکەوە ئاگاداری نرخەکان و خۆراکی ماوە بەسەرچوو بێت. شێرزاد ڕەسوڵ لەهەمان گەڕەک گوتی: پێویستە تیمەکانی سەربە قایقامیەتی هەولێر سەردانی هەموو گەڕەکەکان بکات و سزای هەموو ئەو دوکاندارو خاوەنی شوێنە گشتیەکان بدات کە پابەندی مەرج و ڕێنماییەکان نابن و داوا لە لێژنەکان دەکەین بەدواداچوون بۆ سکاڵاو گلەیی هاوواڵتیان بکەن.

سالح کاکل لەگەڕەکی گەلاوێژ گوتی: داوا لەتیمەکان دەکەم کە سەردانی قەزا و ناحیەکانیش بکات و بەدواداچوون بۆ شوێنە دوورەکانیش بکات بۆ ئەوەی دوکاندارو خاوەنی مۆڵ و سوپەر مارکێتەکانی ئەو شوێنانەش بزانن کە تیمەکانی بەدواداچوون و پشکنین دەگاتە هەموو شوێنێک، چونکە هێشتا خۆراکی ماوەبەسەرچوو زۆرە و بەشێکیش لەو خۆراکانە کوالیتیان زۆر نزمە.

نەبەز عەبدوڵحەمید قایقامی قەزای ناوەندی هەولێر بۆ خەبات گوتی: جگە لەوەی کە تیمەکانی لێژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ کاری ڕۆژانەی خۆیان دەکەن بۆبازاڕو شوێنە گشتیەکان و خواردنگەکان بەهاوکاری پۆلیسی شارەوانی و ڤێتەرنەری و نوێنەری چاودێری تەندروستی و چاودێری بازرگانی و بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی گەڕەکەکان و هۆبەی ئابووری ئاسایشی هەولێر سەردانی هەموو ئەو شوێنانە دەکەن و لەنزیکەوە سەیری کەل و پەلەکان و خۆراکەکان و ماوەی بەسەرچوونی خۆراکەکان دەکەن ولەکاتی بینینی هەر سەرپێچیەک دەست بەسەر کاڵاکان دادەگرن و کاردانەوەی یاسایی بەرامبەر خاوەنی ئەو شوێنانە دەکرێت کە سەرپێچی کردووە هاوواڵتیانیش دەتوانن سکاڵا تۆمار بکەن و گلەیی و گازاندەی خۆیان بگەیەننە تیمەکانی لێژنەی پشکنین تا کارلەسەر بابەتەکاندا بکەن و ڕۆژانە تیمەکانمان بەدواداچوون بۆ سکاڵای هاوواڵتیان دەکەن و هەر هاوواڵتیەک ئەگەر سکاڵای هەبوو ڕاستەوخۆ دەتوانێ پەیوەندی بە تیمەکانەوە بکات یاخود ڕاستەوخۆ سەردانی ئێمە بکات تا لەخزمەتی دابین و لەکاتی بینینی هەر سەرپێچیەک لەهەر شوێنێک ئەوا چاوپۆشی لەهیچ کەس ناکەین و بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین.

قائیمقامی قەزای ناوەندی هەولێر گوتیشی: ڕۆژانە بەدواداچوون بۆ کێشەو گرفتەکانی خەڵکی دەکەین وەک کێشەی غاز کە ئێستا حکوومەتی هەرێم خەریکی چارەسەرکردنیەتی ئەمەو چەندین کێشەی دیکەی هاوواڵتیان.

دواتر قایقامی قەزای ناوەندی هەولێر گوتی: تیمەکانی پشکنین و چاودێری بازاڕ جگە لەناو شار سەردانی دەرەوەی شاریش دەکەن ئەوەتا سەردانی شارەدێی عەنکاوەیان کردو پشکنین و بەدواداچوونیان بۆ ژمارەیەک خواردنگەو کافتریا ئەنجامداو 4شوێنیان داخست لەبەر هەبوونی سەرپێچی و پابەندنەبوونیان بە مەرج و ڕێنماییەکان و هەرلەلایەن تیمەکانی پشکنین و چاودێری بازاڕ دەست بەسەر زیاتر لە سێ تەن هێلکەی قاچاغ لە بازگەی ئاسایشی سەلاحەدین- کۆڕێ داگیرا کە ئەو هێلکەیە بەشێوەی نایاسایی هێنرابوو دواتر هەرلەچوارچێوەی کارەکانیان لە سنووری شارەوانی چوار لەسەر شەقامی 40 مەتری تیمەکانی لێژنەی پشکنین توانیان بەدواداچوون بۆ 18 شوێن بکەن کە بریتی بوو لە کافتریاو مارکێت و خواردنگەو شیرنەمەنی و شوێنی چەرەزات و ئەو شوێنانەی کە سەرپێچیان هەبوو یاخود پابەندی ڕێنماییەکان نەبوون کاردانەوەی یاساییان لەگەڵدا کراو هەرلەلایەن تیمەکانی لێژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ بەهاوکاری کۆنترۆڵی جۆری دەرمان و بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرو بەشی پۆلیسی شارەوانی هەڵمەتێکی فراوانیان بۆ زیاتر لە 25 شوێنی فرۆشتنی دەرمانی گیایی ئەنجامداو چەندین شوێن داخران شایانی باسە لەکاتی سەردانی کردنی تیمەکانی لێژنەی پشکنین و چاودێری بازاڕ و لەکاتی هەبوونی سەرپێچی لە هەرشوێنێک چاوپۆشی لەهیچ کەس ناکرێت.



گەرمیان.. پیاوێک 69 ساڵە ئاشەوانە

ئاشەوانێک: خەڵک خۆی لە گەنمی خۆی ئارد دروست دەکات، ساوەریش دروست دەکەین چونکە هەندێک کەس لەبری برنج زیاتر حەزبە ساوەر دەکات

خەبات: کەلار

لەگەڵ ئەوەی پیشەی ئاشەوانی لە زۆر شوێن نەماوە، بەڵام هەندێک هەن کە هێشتا دەست بەو پیشەیەوە دەگرن و بۆ نەوەکانی دوای خۆیانی بەجێ دەهێڵن. خاوەنی کۆنترین ئاش لە سنووری قەزای کەلار، میرزا حەسەن دەڵێت: لای ئاغای گوندەکەمان بووم لە 15 ساڵانەوە لە گوندی گۆیان، وردەکاری کارەکە ئەوکاتە فێربووم، ئاشی ئاو هەبوو ئەوکاتە، ئاغا منی کردە وەکیلی ئاشەکە، هەرچییەک بوایە من دەچووم بەدەنگییەوە، تا وای لێهات کردمانە دەستگێڕ و گوندار گوند دەمان گەڕاند.



هاووڵاتی میرزا حەسەن تەمەنی 84 ساڵە و لە 15 ساڵییەوە سەرقاڵی کاری ئاشەوانییە. تا ئێستا ناوبەناو دەچێتەوە دووکانەکەی و سەرقاڵی پیشەکەی خۆی دەبێت.

بۆ میرزا حەسەن گرنگە کە ڕێگە نەدات پیشەکەی وەک ڕەسەنایەتییەکی ناوچەکە بفەوتێ بۆیە ئەو کوڕەکەی خۆی فێری ئەو پیشەیە کردووە و لە دووکانەکەدا، ناوبەناو سەرقاڵی هارینی گەنم دەبن، تاکو ئارد، ساوەر، قەرەخەرمانی لێ بەدەستبهێنن و بەو شێوەیە پەرە بە ئیشێک دەدات کە نزیک بە حەوت دەیەیە سەرقاڵێتی.

میرزا حەسەن کە ناوبەناو بەهۆی بەساڵاچوونییەوە دەکۆڵی و دەستی دەلەرزی بەو شێوەیە باس لە سەرەتا فێربوونی ئەو پیشەیە دەکات و گوتی: لای ئاغای گوندەکەمان بووم لە 15 ساڵانەوە ناوی ئاغا محەمەد ئەمین بەگ بوو لە گوندی گۆیان، وردەکاری کارەکە ئەوکاتە فێربووم، سەرقاڵی ئاشەوانی بووم. ئاشی ئاو هەبوو ئەوکاتە، ئاغا منی کردە وەکیلی ئاشەکە، هەرچییەک بوایە من دەچووم بەدەنگییەوە. تا وای لێهات کردمانە دەستگێڕ و گوندار گوند دەمان گەڕاند.

میرزا حەسەن هەرچەندە کوڕەکانی ئاشەکەی بۆ بەڕێوەدەبەن، بەڵام ناوبەناو دەبێت خۆی بچێتە سەر دووکانەکە تاکو هەندێک لە ئامێرەکان چاک بکات و ئامادەیان بکات بۆ هارینی گەنم یان چەلتوک.

میرزا حەسەن لە درێژەی قسەکانیدا باس لە پەرەپێدانی ئەو پیشەیە دەکات و دەڵێت: هۆشم کردەوە و گەورەبووم ئینجا زانیاری زیاترم وەرگرت لەسەر پیشەی ئاشەوانی، ئەوکات لە گوندەکانەوە دەهاتن بەدوامدا بۆ کاری ئاشەوانی. من خوێندەواریم نەبوو، بەڵام لە ئاشی ئاوەوە وردە وردە فێربووم و دەچوومە گوندەکان تاکو فێریان بکەن لەسەر کاری ئاشەوانیی.

جومعە میرزا کوڕە گەورەکەیەتی و ئێستا تەنها بۆ هێشتنەوەی ئەو پیشەیە دووکانی ئاشەوانییەکە بەڕێوەدەبات. جومعە میرزا لەزاری باوکیەوە کە ئێستا بەهۆی ئەوەی بەساڵدا چووە، کەمتر توانای کارەکەی هەیە، باسی جۆرەکانی ئاش دەکات کە سەرەتا هاتۆتە کەلار و ناوچەکە و دەڵێت: سەرەتا بەردی قودرەتی هەبووە ئاشیان لێ دروستکردووە ناوی بەردی ئاسیاو بووە، ئاشی ئاویان لێ دروستکردووە. دواتر لە بەردی دەستکردی بەریتانی لەندەن کە عێراق هاوردەی کردووە و بەنەوتی ڕەش کاری کردووە، ئاشیان دروستکردووە و پاشان ئەو نەوتە ڕەشە نەما. لە ساڵانێکیشدا دینەمۆ یان مەکینەی ئۆتۆمبێلیان بۆ داناوە و تایەیان لەژێر داناوە تاکو گوند بە گوند بیگەڕێنن، بۆ کاری گەنم هارین.

جومعە میرزا باس لەوە دەکات کە خەڵکی کەلار و گوندەکان دێن گەنم دەهێنن و دەیکەنە ئارد و ساوەرو دەڵێت: هەندێک جار ئارد بەکەڵک نایەت کە دابەش دەکرێت، خەڵک خۆی لە گەنمی خۆی ئارد دروست دەکات، ساوەریش دروست دەکەین چونکە هەندێک کەس لەبری برنج زیاتر حەز بە ساوەر دەکات.

جومعە میرزا ئاماژە بەوە دەکات کە هاوینان کار هەیە، بەڵام دواتر لە وەرزی پاییز و زستاندا لە 15ی ئەیلوولەوە تا کانونی یەکەم کاریان زۆر دەبێت. ناوبراو دەڵێت: بۆ ئاردەکە بەردەوام کار هەیە، بەڵام کەمترە، بۆ ساوەریش دوای دروێنەی گەنم خەڵک دێن و گەنمەکە دەکەنە ساوەر ئەویش لە مانگی تەمووزدا.



خوالێخۆشبوو دایکی پێشمەرگە لەگەڵ پژلێک پێشمەرگەدا


خانەوادەی دایکی پێشمەرگە گوڵیان پێشکەش بە پێشمەرگە کرد/ پردێ ـ ٢٠٢٠/٢/١٤

دایکی پێشمەرگە لەبیر ناکرێت

ئا/ لاپەڕەی ئافرەت

لە ماوەی سێ ساڵەی شەڕی دژی داعشدا، پێشمەرگە بە خوێن و قوربانییەکی زۆرەوە، گەورەترین سەرکەوتنی بەدەست هێنا، ئەویش تێکشکاندنی ئەفسانەی داعش بوو، ئەو ئازایەتی و گیانفیداییەی پێشمەرگە، وەک هەموو قۆناغەکانی پێشووتر، پشتیوانی خەڵکی کوردستانی لەگەڵ بوو، چین و توێژە جیاجیاکانی کوردستان، پشتیوانی ڕاستەقینەی پێشمەرگە بوون، بەڵام لەناو ئەو چین و توێژانەشدا، تاک تاکە هەڵکەوتن و ناوبانگیان لە پشتوانیکردنی پێشمەرگەدا پەیدا کرد.


سەبریە قاسم کچی دایکی پێشمەرگە

زۆلەیخا عەبدوڵڵا عەبدوڵڕەحمان گەردی، لە خزمەتکردنی پێشمەرگەدا ماندوو نەبوو، تا نەخۆش کەوت هەموو هێز و توانای خۆی لە خزمەتی پێشمەرگە بەکارهێنا، ئەو ناوێک هەر زوو کەوتە ناو میدیای کوردستان، لە ڕۆژنامەی خەبات چەندین ڕاپۆرت لەبارەی ڕۆڵی ئەو ئافرەتە بێلاوکرانەوە، تەلەفزیۆنەکانیش چەند ڕاپۆرتیان کرد، ئەمەش وایکرد ناوبانگی ئەو ئافرەتە نیشتمانپەروەرە بڵاوببێتەوە، بەردەوامیی خزمەت و بەسەرکردنەوەی بەرەکانی شەڕ، زوو (زۆلەیخا عەبدوڵڵا عەبدوڵڕەحمان گەردی)ی کردە خۆشەویستی پێشمەرگە، بۆیە ناویان لێنا (دایکی پێشمەرگە)، هەر کە ناوی دایکی پێشمەرگە دێت، دەزانرێت ئەو ئافرەتە بوو کە پێشمەرگەی لەبەرەکانی شەڕ بەسەر دەکردەوە.

بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر لە بارەی کار و خزمەتەکانی دایکی پێشمەرگە بخەینەڕوو، خاتوو (سەبریە قاسم یەحیا)ی کچی دایکی پێشمەرگە، کە لە هەموو سەردانەکان بۆ بەرەکانی شەڕ یاوەری دایکی بووە بۆ خەبات گوتی: "من لەگەڵ دایکم بەرەکانی شەڕمان بەسەردەکردەوە، دایکم پێشمەرگەی زۆر خۆش دەوێست، هەموجار دەیگوت، پێشمەرگە بەرگری لە خاک و شەرەفی خەڵکی کوردستان دەکات، چۆن دەبێت ئێمە لە خۆشیدا بین و ئەوانیش بە گەرمای هاوین و ساردی زستان بێ خزمەت لە سەنگەردا بن، ئیدی ئەوە وایلێکرد کە بڕیار بدات بە خواردنی ئامادەکراو پێشمەرگە، بۆیە ناوی لێنا (دایکی پێشمەرگە)، هەر کە ناوی دایکی پێشمەرگە دێت، دەزانرێت ئەو ئافرەتە بوو کە پێشمەرگەی لەبەرەکانی شەڕ بەسەر دەکردەوە.

بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر لە بارەی کار و خزمەتەکانی دایکی پێشمەرگە بخەینەڕوو، خاتوو (سەبریە قاسم یەحیا)ی کچی دایکی پێشمەرگە، کە لە هەموو سەردانەکان بۆ بەرەکانی شەڕ یاوەری دایکی بووە بۆ خەبات گوتی: "من لەگەڵ دایکم بەرەکانی شەڕمان بەسەردەکردەوە، دایکم پێشمەرگەی زۆر خۆش دەوێست، هەموجار دەیگوت، پێشمەرگە بەرگری لە خاک و شەرەفی خەڵکی کوردستان دەکات، چۆن دەبێت ئێمە لە خۆشیدا بین و ئەوانیش بە گەرمای هاوین و ساردی زستان بێ خزمەت لە سەنگەردا بن، ئیدی ئەوە وایلێکرد کە بڕیار بدات بە خواردنی ئامادەکراو بۆ پێشمەرگە بەسەر بکاتەوە، هەر جارە بۆ بەرەیەکی شەڕمان دەبرد، دایکم خۆی سەرپەرشتی خواردنی دەکرد، دەیگوت دەبێ بە گەرمی خواردن بە پێشمەرگە بگەیەنین، حەزی دەکرد خۆی خواردن پێشکەشی پێشمەرگە بکات، بەڵام کە دەچووینە بەرەکانی شەڕ، پێشمەرگە هاوکار بوون، پێیان خۆش نەبوو دایکی پێشمەرگە ماندوو ببێت، بۆیە بەشێوەی هەرەوەزی دابەشکردنی خواردن بە گەرمی بەسەر پێشمەرگەدا بەڕێوە دەچوو".

لەبارەی ئەو بەرانەی دایکی پێشمەرگە سەردانی کردن و خواردن و پێداویستی دیکەی بۆ دەبردن، سەبریە قاسم گوتی:"دایکە حەزی دەکرد خزمەتی هەموو بەرەکانی شەڕ بکات، بەڵام لەو ماوەیەی کەر هەوڵماندا بەشداریی لە پشتیوانیکردنی پێشمەرگە بە ئامادەکردنی خواردن و پێداویستی دیکە بکەین، چالاکییەکەمان لە سنووری پارێزگای هەولێر و کەرکووکدا بوو، لە پارێزگای کەرکووک بەرەی ڕۆژئاوای کەرکووکمان بەسەرکردەوە، لە پارێزگای هەولێریش هەرسێ بەرەمان بەسەرکردەوە کە بریتی بوون لە بەرەی مەخمووڕ 25 جار، بەرەی گوێڕ 18 جار، بەرەی خازر 12 جار، لە هەموو ئەو سەردان و بەسەرکردنەوانەدا، خواردن بە گەرمی پێشکەشی پێشمەرگە دەکرا".

سەبریە قاسم کچی دایکی پێشمەرگە، کە خۆی هەموو جار لەگەڵ دایکیدا چووەتە بەرەکانی شەڕ، بۆ خەبات گوتی: "تەنیا خوردەمان نەدەدایە پێشمەرگە، بەڵکو بەپێی توانا پێداویستی دیکەشمان بۆ پێشمەرگە دابین دەکرد، ئەمەش لە میانەی سەردانەکانمان بۆ بەرەکانی شەڕ لە هاوین و زستان بۆمان دەردەکەوت، کە جگە لە خواردن چی دیکە پێویست بوو، بۆ نمونە هەستمان کرد هاوینان شوێنی پێشمەرگە گەرمە، بۆیە دایکی پێشمەرگە هەوڵی دا موبەڕیدە دابین بکات، هەروەها لە زستان و بەهاردا، بۆ پاراستنی پێشمەرگە لە باران، ژمارەیەکی زۆر (مەتەڕیە)ی کڕی کە پێشمەرگە لەسەر جلوبەرگی دەپۆشی، بۆ ئەوەی لەباران بپارێزرێ و تەڕ نەبێت".

هێشتا شەڕی دژی داعش کۆتایی نەهاتبوو، دایکی پێشمەرگە نەخۆش کەوت، لەبارەی ژیان و ماوەی نەخۆشیی دایکی پێشمەرگە، سەبریە قاسمی کچی گوتی: "تا هێزی تێدا بوو، زۆر لەسەر خزمەتکردنی پێشمەرگە گەرم بوو، بەڵام بەرە بەرە نەخۆشی تاقەتی لێبڕی، زۆر خەمی ئەوەی بوو، کە لەناو جێگەدا کەوتووە و ناتوانێت ویستی نزیکبوونە لە ڕەگەزی بەرامبەر، ئامانجدار بوون و ئازادی. ئەو ڕەوانناسانە لەو باوەڕەدان بۆ تێپەڕاندنی هەر قۆناغێک دەبێت کاتێکی دیاریکراوی بۆ تەرخان بکرێت و تاک دەبێت زۆر بە سەبر و تێڕوانینەوە یەک بە یەکی قۆناغەکان بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنێت و هەروەها پێویستە بزانن کە ئەو ڕێگەیە زۆر دژوارە و سەر و ژێری هەیە، بەگشتی کەسانی نزیک لێت تێتناگەن و هاوکار نین، بۆیە باشترە یارمەتی لە کەسانی پسپۆڕ وەربگرن ئەوە قبوڵ بکەن پاش تێپەڕاندنی ڕێگەکە دەتوانن دووبارە ژیانێکی ئاساییان هەبێت و هەست بە بەختەوەری بکەنەوە واتا جیابوونەوە کۆتایی ژیان نییە، بەڵکو پێڕاندنی پەیوەندییەکە کە لایەنێک هەست دەکات تیایدا ئیستغلال دەکرێت جا لە ڕووی دەروونی، ڕۆحی، جەستەیی یان ماددی بێت.


دایکە زۆلەیخا لە کاتی دابەشکردنی خواردن بەسەر پێشمەرگە


ئەو قۆناغە سەختانەی کە پاش جیابوونەوە دەبێت ببڕدرێ

ئا: لەیلا سلێمان

ڕەوانناسێک دەڵێت: جیابوونەوە لەسەر ڕۆح، دەرون، جەستە، بیر و هەست و نەستی تاک کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە، کەواتە تاک پێویستی بە کاتە، چەند مانگێک تا چەند ساڵێک تا بتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت.



ڕاوێژکاران و پسپۆڕانی خێزانی لەو بارەوە پێیانوایە: جیابوونەوە وەک هاوسەرگیری بژاردەیە. هەر بەوشێوەیەی کە بڕیاردەدەین ژیانی خۆمان لەگەڵ هاوسەرمان بە هاوبەشی تێپەڕێنین، لە جیابوونەوەش کاتێک دەبینین ئەو هاوبەشییە هاوسەنگ نییە بڕیاردەدەین لەو پەیوەندییە بێبەهرەدەرەوە. واتا گەر ئێمە بە نەشتەرگەری بشوبهێنین، لەوانەیە ئێمە نەشتەرگەریمان بۆ دەستمان کردبێت، بەڵام بە هۆی وەرگرتنی دەرمانی بێهۆشی و سڕکردن هەموو ئەندامانی لەش بۆ ماوەیەک کاردانەوە و هەستیاری لەدەستەدات، بۆ وێنە ئەگەری ئەوە هەیە ئێوە شوێن پاش تێپەڕاندنی ماوەی باشبوونەوەی پاش جیابوونەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە ژیانی ئەو کەسە زۆر لە پێشوو خۆشتر بێت هەڵبەت ئەگەر قۆناغی باشبوونەوەی بە باشی تێپەڕاندبێت و پارێزەکانی ڕەچاوکردبێت، بۆ وێنە لەو ماوەیەدا بە هیچ شێوەیەک پەیوەندییەکی سۆزداری دیکەی نەبێت، چونکە لەو حاڵەتەدا ڕەنگە دووبارە تووشی ئازار و زیان ببێتەوە. ئەو قۆناغانەی کە تاک تێیدەپەڕێنێت بریتین لە: بە هیچ شێوەک نابێت ئەو بارودۆخەی ڕوویداوە ڕەتی بکاتەوە، ترس لە داهاتوو ، خۆگونجاندنێکی هەڵە، هەست بە تەنیاییەکی زۆر، لەدەستدانی هاوڕێیانی، هەست بە گوناە و گوێپێنەدان، خەمی زۆر، تووڕەیی، وازهێنانی لە ڕابردوو، هەستی خۆ خۆشویستن و کەرامەتی خۆی، چارەکردنی هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەی پەیوەندی پێشووی، ڕاشکاوبوون لەگەڵ خۆی و هاوڕێیانی، متمانە، سەربەخۆبوون، هەبوونی ئازادی، ئەمانە هەموو ئەو هەستانەن کە تاک لە ماوەی قۆناغەکانی جیابوونەوەدا تووشی دەبێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەو هەستانە بە شێوەیەک بەڕێوە ببرێن کە کاریگەرییان لەسەر تاک کەم بکاتەوە و ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشی دەروونی کەم بکاتەوە.



هەنگوین بۆ لابردنی زیپکە

خانمان بەردەوام هەستیارییەکی تایبەتیان لەسەر پێست هەیە و لە تەمەنی کەمتر ئەو هەستیارییە زۆر زیتر زەق دەبێتەوە و کچانی میرمندااڵ کاتێک کە لەگەڵ پێگەیشتنی جەستەیی زیپکە لەسەر دەموچاویان دەبینن دڵگرانییەکیان پێوەدیارە، بەڵام یارمەتی وەرگرتن لە سروشت لەوبارەوە دەتوانێ یارمەتیدەر بێت. هەنگوین ڕێگەیەکی سروشتی بۆ چارەسەرکردنی زیپکە و خاوێنکردنەوەی پێستە ,تۆزێک لە هەنگوین و دارچین تێکەڵ بکەن و بۆ ماوەی بیست خولەک بیهێڵنەوە و دواتر لە ئاوی شیلەوتین بیشۆنەوە. بەکارهێنانی ماسکە جۆراوجۆرەکانی هەنگوین هیکارە بۆ کەمکردنەوەی دەردانی چەوری پێست و ساف و درەوشانەوەی پێست و هەروەک وترا بۆ چارەسەری زیپکە زۆر بەسوودە.



19ەمین ساڵیادی شەهیدی سەرکردە و فەرماندە فرەنسۆ هەریری

فرەنسۆ هەریری رێبوارێکی بەوەفای رێبازی بارزانی بوو، بڕوادارێکی پێکەوەژیان و پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو



2 و کۆتایی

خەبات: سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی

کاروانی خەبات و تێکۆشانی گەلی کوردستان زۆر سەرکردە و پیاوی قارەمانی لێ هەڵکەوتووە کە مێژووی پرشنگداری پارتیمان لەم ڕووبەوە زۆر دەوڵەمەندە و تێکۆشەرانێکی قارەمان و بەرچاوی لە پێناو ئامانجە ڕەواکانی گەلی کوردستانی پێشکەشی گەلی کوردی کردووە و گیانی خۆیان کردۆتە قوربانی ئەم ڕێبازە پیرۆزە. شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریری ئەستێرەیەکی گەشی ئەم ڕێبازە ڕاستەقینەیە کە هەر لە سەرەتای لاوێیەوە سۆز و خۆشەویستی نواندووە بۆ گەلەکەی و تا دوا ساتەکانی تەمەنی بەردەوام لە خەبات و خزمەت دابووە، کە بە داخێکی زۆرەوە دەستی ڕەشی شەمشەمەکوێرەکانی تاریکایی شەو گەیشتە خوێنی پیرۆزی ئەم پیاوە شۆڕشگێڕە و لە 18ی شوباتی 2001 گەیشتە کاروانی هەرگیز نەمران. لە 19ەمین ساڵیادی شەهیدی سەرکردە و فەرمانده (فرەنسۆ هەریری)دا بەچەند دێڕێک یادی بکەینەوە.

هەڤاڵانی فرەنسۆ هەریری یادی دەکەنەوە

هەر لە بیرەوەرییەک لە بارەی شەهید سەرکردە فرەنسۆ هەریری یاد کرابوو، خوالێخۆشبوو مامۆستا محەمەد مەلا قادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی ئەوکات بەم شێوەیە باسی شەهید فرەنسۆ هەریری کردووە: مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ بووەو بڕوای بە پێکەوەژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبووەو هەمیشە هەڵوێستەکانی بەرامبەر ڕووداو و دوژمن و نەیاران ڕوون و ئاشکر بوو، واتە هەڵوێستی گومان و نادیاری تێدانەبوو و بەرامبەر بە دوژمنانیش هەڵوێستی ڕاست و ڕەق بووە، بۆیە دوژمنان لە لایەک حسابیان بۆ دەکرد و لایەکی دیکەوەش بە تۆندی لە دژی بوون، لە کاتی شۆڕشی ئەیلوولدا هەردەم لە دوای نیوەڕۆیان گەر ڕێشتبوونایە بارەگای بارزانی ئەوا شەهید فرەنسۆ لەوێ ئامادەیی هەبوو، بە ڕاستی فرەنسۆ و بارەگای بارزانی دوو شتی پێکەوە بەسترابوون و ئەم پەیوەندییە ڕۆژ بەڕۆژ لە گەشەکردن و بەهێزبدا بوو، تا بارزانیی نەمر مابوو لەگەڵ ئەودا بوو، دوای کۆچی دوایی بارزانیی نەمریش پەیوەندی لە گەڵ کاک ئیدریسی زۆر ڕێزی دەگرت و بایەخی پێدەدا، شەهید فرەنسۆ خۆی مرۆڤێکی ڕۆشنبیربوو و دەستی نووسینیشی باش بوو، لە ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات و سەفین زۆر شوێنی دیکەش شتی دەنووسی، هەروەها دیدار و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنیشی هەبوو زۆر بە توانا بوو لەم بوارەدا لە شۆڕشی ئەیلوول لە کاتێکدا کە بەرنامەی ئاشووری لە ئێزگەی دەنگی کوردستان داندرا، شەهید فرەنسۆ دەوەری ئەساسی هەبوو لە دامەزراندنی، هەروەها ماوەیەک خۆی بەرنامەکەی پێشکەش دەکرد، پەیوەندی لە گەڵ نووسەران و ڕۆشنبیران زۆر بە هێز و دۆستانە بوو، بە تایبەتی لە گەڵ مامۆستا هەژار موکریانی و هێمن و هێدی و عەبدولخالق مەعروف و دەیانی تر پەیوەندی زۆر خۆش بوو، بەراستی کاک فرەنسۆ کادیرێکی هەمەکارە بوو، کادیری عەسکەری و کادیری سیاسی و کادیری ڕێکخراوەیی و کادیری ئیداری ڕۆژانی سەخت بوو و سەرسەختانە لە گەڵ سەرکردایەتی پارتی ڕاوەستا و لایەن خەڵکەوە حسابی بۆ دەکرا.

لە بارەیی شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریردا بەڕێز د.عەبدوڵلا ئاگرین دەڵێت: ئەو بە پەرۆشەوە عاشقی ڕاستگۆیی بوو، دەڕوێشێکی بێ غەل و غەشی بیرورا و هەڵوێستی بارزانی بوو، تا گیانی پاکی لە قەفەزی سینەی دەڕچوو، ئەو ڕێبازەی پەرست و بەموو لێی لانەدا، عەقڵێکی کۆمپیۆتەری هەبوو، ئاسوی بیری فراوان و سەردەمیانە بوو، فرەنسۆ بۆ کورد و ئاشووری، کوڕی ڕۆژئاوای ڕەش و تەنگانە بوو، کێوێکی سەرسەختی ورە بەرزی دەنواند، لێزمە تاوە بارانێکی بە خوڕ و ڕووبارێکی تیژی تێکۆشان بوو، فرەنسۆ لە کاتی هەڵوێست نواندنا دڵی چیای دەهەژاند و لە کاتی پێویستیشدا شیرازەی هێز و توانای لەشکری ناحەزانی تێکدەشکاند و شێرەزی دەکردن.

بەڕێز محەمەد ئەحمەد مستەفا لە وتارێکیدا لە بارەی شەهید فرەنسۆ هەریری دەڵێت: شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریری بە ڕۆحیەتەکەوە کاری دەکرد، کە هەردەم خۆی بە بەرپرسی بزاڤی نەتەوەیی ومەسەلەی کوردستان وچارەنووسی پارتەکەی دەزانی، هەر بۆیەش لە هەموو یادو بۆنە حزبی و جەماوەریەکاندا، ئامادەگی هەبوو، لە تێکرای چالاکیە حزبی و جەماوەریەکاندا لە خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوە و سمیناری سیاسی و ڕۆشنبیری و ئیعلامی و کۆمەڵایەتی... یەکێکی دیکە لە خەسڵەتە هەرە گەورەکانی شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریری ئەوە بوو کە ماندووبوونی نەدەزانی و هەموو کارێکی بە ئەرکی خۆی دەزانی و هەرچی بە قازانجی میللەت و نیشتمانەکەی بوو، بەبێ منەت تەداخولی تێدا دەکرد و تێیدا دەبوو بە ئەندامێکی ئیجابی و کاریگەر. فرەنسۆ هەریری بەوە ناسراو بوو کە بەردەوام لە بەرچاوان بوو لە هەموو بوارەکاندا ئامادەیی ئەم پیاوە هەبوو، شەو ڕۆژ لای وەک یەک بوون.



لە داڤۆسەوە بۆ میونشن




عیماد تەها

بانگهێشتکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان (بەڕێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت) بۆ کۆنفرانسە جیهانییەکان جێگای بایەخ و شکۆ و شانازییە بۆ ئێمەی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان، کە لە یەنایەری 2020 لە کۆنگرەی داڤۆس سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بەشداربوو و تیایدا چەندین دیدار و کۆبوونەوەی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی جیهان سازکرد کە هەموویان دڵخۆشکەر و جێگەی گرنگی و بایەخ بوون.

لە ڕۆژی 14ی بە بانگهێشتی فێوریبەش بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێم بە یاوەری شاندێک بەشداریی کارەکانی کۆنفرانسی میونشنی بۆ ئاسایش کرد، و لە میانەی دیدار و کۆبوونەوەکانی بەڕێزیان لەگەڵ گەورە بەرپرسانی وڵاتانی زلهێز و وڵاتانی تری ڕۆژاوا و عەرەبی چەندین تەوەری گرنگ لە بارەی ئاسایشی هەرێمی و جیهانی و پرسەکانی وزە و ئابووری و بازرگانی تاوتوێ کران و بیروڕایان لە بارەوە ئاڵوگۆڕ کرا. ئەم بانگهێشتە فەرمییانە لەو بۆنە گرنگ و جیهانییانە بە ڕوونی ئەوەمان پێدەڵێن کە ڕاستە ئێمە هەرێمێکین، بەڵام پڕۆژەتۆکۆڵی دیدار و کۆبوونەوەکان و هەڵسوکەوتی جیهان بەرامبەر هەرێمەکەمان کە هەمان مامەڵەی وڵاتانی سەربەخۆیە، دەکرێت لە پەراوێز و ئاماژەکانی بەرەوپێشچوونێکی گەورە ببینین. ئەم پێشکەوتنەش بە خۆڕایی نەبووە و لە سایەی خەبات و قوربانیدانی گەلی کوردستان بەدی هاتووە. خودی بەشداریەکەی بەڕێز مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆنفرانسی میونشن لەم ئانوساتەدا و لەم بارودۆخە ئاڵۆز و نالەبارە کە عێراق و نزیکەی تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی و ئابووری و ڕەوشێکی دژواردان، لەو کاتەشدا کە کابینەی نێچیرڤان بارزانی هەرێمی کوردستان سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکانە و خەریکی بنیادنانی کوردستانێکی بەهێزە، و لە لایەکی دیکەوە خۆی ئامادە دەکات بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرۆکی ڕاسپێردراوی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بۆ پێکهێنانی حکوومەتی عێراق. لە لایەکی دیکەوە مەترسیەکانی سەرهەڵدانەوەی داعش و خۆڕێکخستنەوەی لە ئارادایە و جموجۆڵی تیروریستی و چەکدارییان لە زۆربەی ناوچەکان بەدی دەکرێت و لەم بارەیەشەوە بەشداری بەڕێزیان لە کۆنفرانسێکی لەم شێوەیە و بەم پێگەیە گرنگیی خۆی هەیە. بۆ ئەوەی هەموو ئەو بابەتانەی کە باس کران وەکو خۆیان بێتنەیان چارەسەر بکرێن یان بەرەو پێش ببرێن و ئەم گرنگییانەی کە بە هەرێمی کوردستان دەدرێن بەردەوام بن و باشترین لێکەوتەیان هەبێت، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانین پیلانەکانی نەیاران و ناحەزانی گەلەکەمان لە گۆڕ بنێین، پێویستە پەیوەندیی هێز و لایەنە سیاسییەکان باشتر و پتەوتر بکرێت و یەکدەنگی و یەکڕیزیی ڕاستەقینە بهێنینە ئاراوە بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی بەهێزتر و یەکگرتووتر.

خەبات ... ئەو کاتەی کە -20 2001 ئەوەیان ئیسپات کرد کە میللەت چەندە پەرۆشی فرەنسۆ هەریری بوون، خەڵکی سەر بە هەر چین و تۆپژێک بن دەڵێن فرەنسۆ هەریری هەموو دەم بە کردەوە هەوڵی دەدا ئەوە ئیسپات بکات کە پارتی و ڕێبازی بارزانیی نەمر بۆ هەموو کەسە، بەبێ جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی و چینایەتی. تاوانی تیرۆرکردنی مامۆستا فرەنسۆ هەریری تاوانێک بوو دژی ئاشتی و برایەتی، غەدرێک بوو لە کاروانی پێشخستنی ژیانی شارستانیانەی ئەم گەلە، کوێرانە لە خاچدانی دەنگێکی هەقبێژ و ڕاستی پەروەر و هزرێکی ڕۆشن و چاکە کار و گیانێکی پڕ لە جۆش و خرۆشی خزمەتکردنی جەماوەر بوو، هەروەک کاکە فەوزی کوڕی شەهید فرەنسۆ گوتی: لێرە بەدواوە قۆناغێکی دیکە لە ژیانی ئەم پیاوە گەورەیە دەستی پێ دەکات، بەمەش قەت ناتوانین بڵێین فرەنسۆ هەریری مرد، ئەمەش حەقیقەتێکە کە مرۆڤی مەزن قەت نامرێ، هەزاران سڵاو وەفاداری بۆ گیانی پاک و بەرزە فڕی شەهیدی سەرکردە فرەنسۆ هەریری و سەروەری شەهیدان بارزانیی نەمر و کاک ئیدریسی هەمیشە زیندوو و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان.

سەرچاوە: یادێک بۆ شەهیدی سەرکردە (فرەنسۆ هەریری)، نووسینی سەفەر یوسف میرخان ژاژۆکی و کتێبی بونیاتنەرانی ئەمڕۆی کوردستان چاپی 2010.



ئەسرین عاسی شوانی

قوتابیان سەری ڕم و لاوان شورای پوڵایین

هەمیشە و لە هەموو جیهاندا و لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا وابووە کەوا قوتابیان و لاوانی خوێن گەرم داینەموێی شۆڕش و پێشکەوتنەکانی وڵات بوونە و ئەوان بوونە کە بە خوێن و بیروباوەڕ و باسک و مێشکیان هۆکاری باشترین گۆڕانکاری بوونە لە بنیاتنانی باشترین سیاسەت بۆ بڕەودان بە سیاسەتی ڕاست و تەندروست.

هەر لەسەر ئەم ڕاستییەش بوو کە سەرکردایەتی کورد و پارتی دێموکراتی کوردستان لە کۆنگرەی سێی پارتی لە ساڵی 1953دا بیریان لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی قوتابیان و لاوانی کوردستان کردەوە و لەو کۆنگرەیەدا ڕۆڵی قوتابیان و لاوانی کوردستان دیاری و سەربەخۆ کران و هەر لەوساتەوە جێ پەنجەی ئەو تۆپژە گرنگەی کۆمەڵگەی کوردی کەوتە بواری کردارییەوە و ڕۆڵی کرداریان بینیوە شانبەشانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستای لە گەڵدا بێت قوتابیان سەری ڕمی تێکۆشان بوونە و لاوانیش شورایەکی پوڵایین لە پشتی پێشمەرگەوە خەباتی بێ پسانەوەیان کردووە و لە پێشکەوتنی شۆڕش و کوردایەتیدا کوانوی بەرەوپێشچوونی شۆڕش و پارتی دێموکراتی کوردستان بوونە.

دیارە هەر ئەو گرنگییەشی بووە، بۆیە پارتی و سەرکردایەتییە حەکیمەکەی درکیان بە گرنگی و ڕۆڵی قوتابیان و لاوان کردووە لەو سەردەمەدا و لە کۆنگرەی سێی پارتی بڕیارێکی چارەنووسسازی لەو جۆرەیان داوە و قوتابیان و لاوانیان وەک ڕێکخراوێکی سەربەخۆ و ئەکتیڤ ناساندووە و هاوشانی پێشمەرگە و شۆڕش دەسکراوە کراون، بۆیە هەر لە گەڵ دامەزراندنی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستانیشدا ڕێکخراوەکە لە لایەن قوتابیان و لاوانەوە پشتیوانی گرنگ و باڵای لێ کرا سەدان و هەزاران لە خوێن گەرمانی ئەو تۆپژە گرنگەی کۆمەڵی کوردەواری خۆیان ڕێککست و بوونە پشت و پەنا و شورای پوڵایینی شۆڕشی کوردایەتی و پارتی دێموکراتی کوردستان و لەو پێناوەشدا دەریایەک خوێنیان بەخشی و ڕووبەڕووی ڕاوەدونان و گرتن و کوشتن بوونەوە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە. بۆیە ئەمڕۆ لە یادی دامەزراندنی و لە دایکبوونی یەکێتی قوتابیان و لاوانی کوردستاندا سەردڕای دانەوانەدنی سەری ڕێز و نەوازش بۆ شەهیدە سەربەرزەکانی. لەسەر ڕۆڵی قوتابیان و ئەرکی لاوان و گرنگی و ڕۆڵ و خەباتیان دەکرێت دەیان کتێب و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت تا ئەو سەرچاوانە ببێتە ڕێپێشاندەر بۆ نەوەی داهاتوو، دیارە و ڕوون و ئاشکرایە کە ڕۆڵی قوتابیان و لاوان چۆن بووە و چۆن ئەبێت لەبەر ئەوەی لەگەڵ پارتیدا دوانەیەکی لێک دانەبڕاون.

وون بوون

دەفتەرگرانی ئۆتۆمبێل ژمارە ٢١٥٦٧٤ اربیل لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر دەرچووە بەناوی عبدالکریم حمزە عبدالغنی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە ٩٠٠٩ بەناوی زریان یوسف محمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان لقی هەولێر ژمارەی ناسنامە ٧٠٠٧ بەناوی هیشام عبدالصمد طاهر وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی پێشمەرگەی یەکەی ٨٠ فەلەك بەناوی عمید/ شیخ یونس حمد شریف وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٥ هەولێر ژمارەی پسوولە ١٠٠٨٠٩ بەرواری ٢٠١٣/١٠/١ بەبری ٥٠٠٠٠٠ بەناوی ئومید ایوب فیصل و ایوب فیصل حسین وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

مدیریة الجنسیة والاحوال المدنیة لمحافظة أربیل
شؤون الاحوال
الواقعات
العدد: ٢٥٠١
التاریخ: ٢٠٢٠/٢/١٠
الی/ المدیریة العامة الجنسیة الاقلیم کوردستان/ شؤون الاحوال
اعلان

قدم المواطن (احمد عبدالله احمد) دعوی في هذه مدیریة تسجیل اللقب (گەردی) فمن لدیه اعتراض مراجعة هذه مدیریة خلال (١٠) أیام من تاریخ نشره في الجریدة وبعکسه فسوف تنظر هذه المدیریة في الدعوی وفق احکام المادة ٢٤ من قانون البطاقة الوطنیة رقم (٣) لسنة ٢٠١٦.

العقید الحقوقي/شوان عارب صادق
مدیر الجنسیة الاحوال المدنیة اربیل

***

ئاگاداری

دیوانی چاودێری دارایی بەنووسراویان ژمارە ١٦٦/١/٢ لە ٢٠٢٠/٢/٤ گشتاندنی کردووە بۆ گشت وەزارەتەکان و فەرمانگە و دەستە و لایەنەکانی نەبەستراو بەوەزارەت بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەیان بە کردنەوەی نووسینگەی چاودێری دارایی لەهەردوو پارێزگای دهۆك و هەڵەبجە و بەپێی ژمارە و پسپۆری دیارکراو لەدوو خشتەو فۆرمی ئامادەکراو بۆ ئەم مەبەستە کە دەتوانرێت وەربگیرێت لەدام و دەزگاکانی خۆیان کە بەنووسراوی ئاماژەپێکراو لەسەرەوە بۆیان نێردراوە. جا هەر فەرمانبەرێك کە نیشتەجێی ئەم دوو پارێزگایەیە و مەرج و پسپۆرییە داواکراوەکانی تێدا بەدی دەکرێ و ئارەزووی گواستنەوەی راژەی هەیە بۆ ئەم دوو نووسینگەیە با (سیڤی) خۆی پێشکەش بەسەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی/ نووسینگەی سەرۆکی دیوان بکات یاخود بە(PDF) بۆ ئەم دوو ناونیشانەی خوارەوەی بنێرێن: (Kurdistansupremaudit@gmail.com)
(Bosa.kurdistan@gmail.com)

***

بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارە: ٢٠١٩/٣٨٦٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٦
جاردان

ئەم بەڕێوبەرایەتی لە دۆسیەی جێبەجێکردنمان ژمارە (٢٠١٩/٣٨٦٠) هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (کۆمپانیای بحار) قەرزار (اریان لطیف سعید) لە کۆمپانیای (عالم المصابخ و بحار و فەلەك) بەبری (٩٠٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دینار قرساوە وە بەلێك زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (گوران جرجیس صابر) کە بڕەکەی (٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠) ملیون دیناڕە جا هەرکەسێ ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی (٧) رۆژ لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوە ئاگادارییە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیە وە بارمتەی یاسایی لەگەڵ هۆی کە لە (١٠٪) نرخە قرساوەکەیەتی وە دەلالیش لەسەر کریارە.
جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزە

***

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: م/١٠٣
ژمارە: ٥٧ (٢٠٢٠/٨)
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧
پێراگەیاندن
بۆ/ ملازم اول (بروار محمد اسماعیل)

پێت رادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی رۆژ کە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠٢٠/٨) کە بەپێی مادەی (٣٣/ یەکەم) و (٦٢/ سێ یەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی سالّی (٢٠٠٧) هەوالّەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- بارەگای لیوای (٤)ی پیادە.
شوێنی دانیشتووی / ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامە).
دادوەر/ کوردەوان محمود کاکە شێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك

***

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: م/١٠٦
ژمارە: ٥٩ (٢٠١٩/٦٧)
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧
پێراگەیاندن
بۆ/ ر.ع (شمال عبدالله علی)

پێت رادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی رۆژ کە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٩/٦٧) کە بەپێی مادەی (١/٣٣) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی سالّی (٢٠٠٧) هەوالّەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- سریەی اسنادی لیوای (٤)ی پیادە.
شوێنی دانیشتووی / ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامە).
دادوەر/ کوردەوان محمود کاکە شێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك

***

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: م/١٠٨
ژمارە: ٥٨ (٢٠٢٠/٤)
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧
پێراگەیاندن
بۆ/ ن.ض.د.م (هێرۆ حسین خدر)

پێت رادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی رۆژ کە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠١٩/٦٧) کە بەپێی مادەی (١/٣٣) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی سالّی (٢٠٠٧) هەوالّەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- لیوای (٤)ی پیادە.
شوێنی دانیشتووی / ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامە).
دادوەر/ کوردەوان محمود کاکە شێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك

***

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: م/٩٩
ژمارە: ٥٥ (٢٠٢٠/٥)
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧
پێراگەیاندن
بۆ/ پ.م (سفین عمر مصطفی)

پێت رادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی رۆژ کە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠٢٠/٥) کە بەپێی مادەی (٣٣/ یەکەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی سالّی (٢٠٠٧) هەوالّەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- لیوای (٤)ی پیادە.
شوێنی دانیشتووی / ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامە).
دادوەر/ کوردەوان محمود کاکە شێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك

***

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: م/٩٤
ژمارە: ٥٣ (٢٠٢٠/٧)
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧
پێراگەیاندن
بۆ/ ن.ع (کاروان عمر رضا)

پێت رادەگەیەنین کەوا پێویستە لەسەرت ئامادەی دادگاکەمان بیت لە ماوەی یاسایی دیاری کراو کە بریتی یە لە (٣٠) سی رۆژ کە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی دەست پێ دەکات تا تەواو بوونی ماوەی یاسایی دیاری کراو بەمەبەستی ئامادەبوونت یان خۆ بەدەستەوە دانت لە کێشەی ژمارە (٢٠٢٠/٧) کە بەپێی مادەی (٣٣/ یەکەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی سالّی (٢٠٠٧) هەوالّەی دادگاکەمان کراوە بۆیە پێویستە ئامادەبیت بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەشێوەی (غیابی) بەپێی یاسا.
شوێنی کار/ وەزارەتی پێشمەرگە- لیوای (٢)ی پیادە.
شوێنی دانیشتووی / ناونیشانی دیار نییە (مجهول محل الاقامە).
دادوەر/ کوردەوان محمود کاکە شێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك

***

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: م/٩٢
ژمارە: ٥٢ (٥٠٦/ك/٢٠١٧)
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧
بۆ/ سزادراوی بەپاشمەلە (المحکوم غیابیا) ن.ض.د.١ (توانا رفیق رشید)
پێراگەیاندنی بریاری دادگا

بەپێی بریاری دادگاکەمان ژمارە (٥٠٦/ك/٢٠١٧) لە بەرواری (٢٠١٩/١٢/٢٤) سزادراوی بەپاشمەلە (غیابی) وەلەبەر ئەوەی ناونیشانت نادیارە بۆیە لە رێگای رۆژنامە فەرمیەکانەوە ئەو بڕیارەت پێ ڕادەگەیەنین و پێویستە لەماوەی یاسایی خۆت بەدەستەوە بدەیت و هەموو مافێکی (اعتراض و تمییز) ت هەیە بەپێچەوانەوە ئەم بریارە بە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی پلەی بنبڕ وەردەگرێت و حوکمەکەت بە (منزلە الحکم الوجاهی) ئەژمار دەکرێت.
دادوەر/ کوردەوان محمود کاکە شێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك
هاوپێچ:
* دەقی بریارەکە
* سزادانی تاوانبار (ن.ض.د.١/توانا رفیق رشید) بە بەندکردنی تۆندو بۆ ماوەی سالّێك و یەك مانگ بەپێی مادەی (٣٣/یەکەم) لە یاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی سالّی (٢٠٠٧)ی کارپێکراو پاڵپشت بەماکانی دادگایی کردنی سزایی سەربازی ژمارە (٣٠) سالّی ٢٠٠٧)ی کارپێکراو.
* وەدەرنان (الاخراج) تاوانبار لەریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی مادەی (١٧/یەکەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩) ی سالّی ٢٠٠٧)ی کارپێکراو پاڵپشت بەمادەی (١٠/دووەم/ج) لەهەمان یاسا.
* پێبژاردنی بڕی (٥٠٠٠) پێنج هەزار دیناری عێراقی لەبری ناسنامەی سەربازی تاوانبار بە ژمارە (٤٢٦٩) وە پوچەڵکردنەوەی ناسنامەکەی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی کارمەندان لە وەزارەتی پێشمەرگە بەپێی مادەی (٦٢/سێ یەم) لە یاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی سالّی (٢٠٠٧)ی کارپێکراو.
* ئەم بریارە بەکۆی دەنگ دەرچووە لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٤ بەشێوەی پاشملە غیابی وە ڕاگەیەنرا بە ئاشکرا وە شایستەی تانەو پێداچوونەوەیە (قابل الاعتراض و التمییز).

***

وەزارەتی پێشمەرگە
دادگای سەربازی یەك
ژمارە: م/٩٠
ژمارە: ٥١ (٢٥/ك/٢٠١٩)
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٧
بۆ/ سزادراوی بەپاشملە (المحکوم غیابیا)
پ.م (سیروان عبدالغفور عبدالرحیم)
پێراگەیاندنی بریاری دادگا

بەپێی بریاری دادگاکەمان ژمارە (٢٥/ك/٢٠١٩) لە بەرواری (٢٠١٩/١٢/٢٣) سزادراوی بەپاشملە (غیابی) وەلەبەر ئەوەی ناونیشانت نادیارە بۆیە لە رێگای رۆژنامە فەرمیەکانەوە ئەو بڕیارەت پێ ڕادەگەیەنین و پێویستە لەماوەی یاسایی خۆت بەدەستەوە بدەیت و هەموو مافێکی (اعتراض و تمییز) ت هەیە بەپێچەوانەوە ئەم بریارە بە تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی پلەی بنبڕ وەردەگرێت و حوکمەکەت بە (منزلە الحکم الوجاهی) ئەژمار دەکرێت.
دادوەر/ کوردەوان محمود کاکە شێخ
سەرۆکی دادگای سەربازی یەك
هاوپێچ:
* دەقی بریارەکە
١- سزادانی تاوانبار (پ.م/سیروان عبدالغفور عبدالرحیم) بە بەندکردنی تۆندو بۆ ماوەی سالّێك و یەك مانگ بەپێی مادەی (٣٣/یەکەم) لە یاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩)ی سالّی (٢٠٠٧)ی کارپێکراو پاڵپشت بەمادەی (٨٢) لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی سەربازی ژمارە (٣٠) سالّی ٢٠٠٧)ی کارپێکراو.
٢- وەدەرنان (الاخراج) تاوانبار لەریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەپێی مادەی (١٧/یەکەم) لەیاسای سزاکانی سەربازی ژمارە (١٩) ی سالّی (٢٠٠٧)ی کارپێکراو پاڵپشت بەمادەی (١٠/دووەم/ج) لەهەمان یاسا.
٣- ئەم بریارە بەکۆی دەنگ دەرچووە لە بەرواری ٢٠١٩/١٢/٢٣ بەشێوەی پاشملە غیابی وە ڕاگەیەنرا بە ئاشکرا وە شایستەی تانەو پێداچوونەوەیە (قابل الاعتراض و التمییز).

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٦٥/ ش/ ٢٠٢٠
رێکەوتی / ٢/١٧/ ٢٠٢٠
راگەهاندن
بو / داواڵێکراو : مسعود حسن غازی

ئ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٦٥/ ش/٢٠٢٠) ل رۆژا (٢/٥/ ٢٠٢٠)
١- پیگیریا تە بو دانا کوژمە (٣,١٦٠,٠٠٠) سێ ملیون وسەد وشیست هزار دینار بو داواکاری (پیان شفیق ابراهیم) وەکو خەرجی بوریی هەر ژ رۆژا (٢٠١٦/١٠/٥ تا ٢٠٢٠/١/٢٠) و پێگیریا تە بو دانا خەرجێ بەردەوام کوژمە (١٠٠,٠٠٠) سەد هزار دینار بو داواکاری هەیڤانە هەر ژ رۆژا (٢٠٢٠/١/٢١)
٢- پیگیریا تە بو دانا کوژمە (١,٩٧٥,٠٠٠) ملیون ونەو سەد و حەفتی وپێنج هزار دینار خەرجێ بوری بو کچاتە یاناکام (دلال) هەر ژ رۆژا (٢٠١٦/١٠/٥) تا رۆژا (٢٠٢٠/١/٢٠) وپیگیریا تە بو دانا کوژمە (٨٠,٠٠٠) هەشتی هزار دینار بو کچا تە یاناکام (دلال) وەکو خەرجێ هەیڤانە هەر ژ رۆژا (٢٠٢٠/١/٢١) وبو بەردەوام و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی

کو پێتقیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی
ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو رۆژنامەیێت رۆژانە و تە مافێ نە
رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادوەر/ دارا طاهر توفیق

***

JOB VACANCY ANNOUNCEMENT

TAQA TAQA - WE MEAN ENERGY!

TAQA is an international energy company with assets in the Middle East, North America, Europe, Africa and India. TAQA's principal activities are divided into three segments:

- Upstream Oil and Gas Exploration & Production
- Midstream Processing, Storage and Pipelines
- Power Generation & Water Desalination

As part of its expansion plans, TAQA Atrush B.V. (Oil and Gas Sector) is now seeking talented individuals for the roles below:

JOB TITLE: Document Controller

LOCATION: Erbil Office

JOB SUMMARY: main role is re-check and update all related project documentation prior to updating in new system under document control lead supervision. The candidate should has ability to pay attention to details and insuring that it dealt with in a timely manner and is made available to all TAQA resources as required and accepted by QAQC standards.

KEY RESPONSIBILITIES

- Establish and maintain Document Registers.
- Support to manage all project documentation with the project filing structure to ensure users have access to the latest versions.
- Checking for all documentation received from external contractors and TAQA project group.
- Liaising with TAQA document authors to ensure all revisions are received in a timely manner.
- Providing various reports for document details based on comparison and data analytics.
- Perform any other related duties and responsibilities as required by the reporting manger.

Admin Tasks:

- Support project and site team for stationary requirements.
- Printing and packing the work pack documents when required.
- Organizing and labeling box files as part of Archiving policy and requirement (Hard copies).
- Other tasks requested by line manager.

QUALIFICATIONS/EXPERIENCE/SKILLS REQUIRED

- Education Degree required.
- Has experience in Microsoft office (Word and Excel).
- Strong computer skills required MS-Word and MS-Excel advanced level.
- Reporting and presentation skills required.
- Fluent in local and English languages.

NOTE:

- These positions will remain open until one-week post-advertisement date.
- Please submit your CV to this email address: TIR.HR@TAQAGLOBAL.COM
- Please indicate the vacancy title that you are applying for at the email Subject line. CVs without mentioning the vacancy title will not be considered.
- Only shortlisted candidates will be contacted.

دادگای باری کەسیەتی کۆیە
ژمارە/ ٢١/ش/٢٠٢٠
رێکەوت ٢٠٢٠/٢/٩
ئاگانامە
بۆ/ داوالێکراو (جبار محمد حسین) دانیشتوی شاری رانیە/ گەرەکی کێوەرەش بەلاّم ئێستا شوێنی نیشتەجێ بوونی نادیارە
هاوسەرەکەت داواکار(چاوەڕێ رزگار محمدامین) لەداوای ژمارە(٢١/ش/٢٠٢٠) ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای جیابوونەوە ئەکات بە هۆی هجر(تفریق بسبب الهجر) وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەگوێرەی رووکردنەوەی ئاگادارکەرەوەی دادی لە دادگای باری کەسیەتی رانیەو پشتگیری ئەنجوومەنی گەڕەکی کێوەڕەش لەرانیە، وەپشت بەستن بەمادەی(٢١) لەیاسای دادبینی دادگا بڕیاریدا ئاگادارتان بکاتەوە بەناوەرۆکی ئەم داوایە لەرێگەی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگانامەیە لە دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە بۆ ئەوەی لەوادەی دادبینی رێکەوتی (٢٠٢٠/٣/٨) لەم دادگایە ئامادەبێت خۆت یان بریکاری یاسایت بە پێچەوانەوە دادگا داوایەکە یەکلایی دەکاتەوە بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ شوان صابر اسعد
***
دادگای باری کەسێنی لە کەلار
ژمارە : ٥٥ /ش / ٢٠٢٠
ئاگاداری
بۆ داوا لەسەر کراو / ئازاد احمد قادر
داواکار (خیال عبدالله عزیز) داوای ژمارە (٥٥/ ش / ٢٠٢٠) لەم دادگایە تۆمارکردوە لەسەرت و تیایدا داوای (تفریق) دەکات، بەپێی مادەی (٤٠) لە یاسای باری کەسێتی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە ،بەپێی ئەشعاری ئەنجومەنی / کەلار/ گەرەکی شێروانە ، بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆ ی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردم ئەم دادگایە بۆرۆژی (١٠ / ٣ / ٢٠٢٠) کاتژمێر (٠٠ – ٩) ی بەیانی بۆیە پێویستە لەرۆژی دیاریکراودا ئامادەبیت ،یان بریکارێک لەجێگات ئامادەبێت بە پێچەوانەوە ئەوا دادبینی بەشێوەی پاشملە دەرهەقت ئەنجام دەدرێ.
دادوەر / پروین علی احمد
***
سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی
کەرکوک / گەرمیان
دادگای باری کەسێتی کفری
اعلان
المدعیه : کژال مجید عبدالرحمان
المدعی علیه : ازاد محمد احمد / مجهول محل الاقامه
لدعوا زوجتك المدعیه بالتفریق الهجر بینکا ولمجهولیه نحل اقامتك تقرر بتبلیغك عن طریق صحیفتین محلیتین یومیتین للحضور بنفسك ا و من ینوب عنك قانونا فی یوم المرافقه ٢٦ / ٢ / ٢٠٢٠
دادوەر / عزالدین رحمان سلیمان
٢٠٢٠ / ٢ / ٩
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزار
بەڕێوەبەرایەتی گشتی
شارەوانیەکانی گەرمیان
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری
کارگێڕی و خۆیەتی
ژمارە : ٢٨٧
ریکەوت : ١٦ / ٢ / ٢٠٢٠
ئاگاداری
سەرۆکایەتی شارەوانی رزگاری ئاگاداری هەموو ئەو هاوڵاتیانە دەکاتەوە کە ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٨٩) زەویان لەناحیەی رزگاری،(صمود) وەرگرتووە کە هاوڵاتی (حەمەامین صالح حەمەڕەش) خاوەنی زەوی ژمارە هەوائی (١٢٦٦٤) داوای رێگا پێدانی کردوە بەمەبەستی دروستکردنی خانوو ، هەر هاوڵاتیەك گلدانەوەی لەسەر ئەو پارچە زەویە هەیە لەماوەی (٣٠) رۆژدا لەپاش بڵاو کردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئاگاداری سەرۆکایەتی شارەوانیان بکاتەوە بە پێچەوانەوە شارەوانیان کاری یاسایی بۆناوبراو دەکات .
ئەندازیار/ ارسلان احمد محمد
سەرۆکی شارەوانی رزگاری
***
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارەی داوا:٨٢١/ش/٢٠١٩
جارِدان
بۆ داوالێکراو (شیلان رزا علی)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئەم دادگایە بڕیاری دا لە رۆژی ٢٠١٩/١٢/١٦ لە داوای ژمارە ٨٢١/ش/٢٠١٩ بە (تصدیق طلاق الخارجی) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری سنووری (تورەق) بۆیە دادگا بڕیاری دا کە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی وە تۆش مافی پێداچوونەوەو نارەزاییت هەیە لەماوەی یاسایی دا وە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەر/ عبدالله عثمان خضر
***
دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە: ٣٥٧/ش١/٢٠٢٠
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٠
جارِدان
بۆ داوالێکراو (کریستینا سومر)
داواکار ،(أرسلان کانەبی رشید) داوای ژمارە (٣٥٧/ش١/٢٠٢٠)ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە تیایدا داوای (تصدیق طلاق) دەکات لەتۆ وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیار بەپێی اشعاری مختاری هەولێر/گەڕەکی فەرمانبەران) بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت یاخود نوێنەرێکیایاسایی لەجیاتی خۆت لەم دادگایە لەرۆژی دادبینی (٢٠٢٠/٣/١) کاتژمێر ٩ی بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێت بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.
دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٤٩/ج/٢٠١٨
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/
شاهین محسن عبدالله
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٣٤٩/ج/٢٠١٨ وە پاش دادگاییکردنت بە پاشملە غیابی لە رۆژی ٢٠١٩/٨/٢٨ بەپێی مادەی ١/٤٠٦-أ لە یاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیێنین کە لە ماوەی شەش مانگ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ١/٤٠٦-أ لە یاسای بنەماکانی سزایی مافی تانە لێدانت (الاعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ٢٧٦/ج/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٥
بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ مظفر عبدالله مولود و رێبین صلاح جبار و نێچیروان صلاح جبار
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ٢٧٦/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگایی کردنتان بە پاشملە لە رۆژی ٢٠١٩/١٢/٤ دادگا بڕیاریدا بە بەندکرنتان بۆ ماوەی ١٠ دە ساڵ بۆ هەر یەکێکتان لەسەرتان جێبەجێ دەکرێت بەپێی مادەی ٤٤٣ لە یاسای سزا. بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیێنین کە لە ماوەی شەش مانگ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ٢٤٣ لە یاسای بنەماکانی سزایی مافی تانە لێدانت (الاعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ١٣٥/ج/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/
کارزان ادریس محمد
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای تاوانی هەولێر/١ لە داوای ژمارە ١٣٥/ج/٢٠١٩ وە پاش دادگاییکردنت بە پاشملە غیابی لە رۆژی ٢٠١٩/١١/٢٨ دادگا بڕیاریدا بە بەندکردنت بۆ ماوەی ١٠ دە ساڵ بەپێی مادەی ٣١/٤٠٥ لە لە یاسای سزا بۆیە بەگوێرەی یاسا پێت رادەگەیێنین کە لە ماوەی شەش مانگ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێی مادەی ٢٤٣ لە یاسای بنەماکانی سزایی مافی تانە لێدانت (الاعتراض) و پێداچوونەوەت هەیە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە/ ٣٥/ج/٢٠٢٠
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ بکر توفیق عزیز
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤٠٦ لە یاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنت و نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا پالپشت بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزا. دادگا بڕیاری دا لە رێگای دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردم ئەم دادگایە لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لە رێکەوتی ٢٠٢٠/٦/١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی ٢٩٢ لە یاسای سزاکان بە پێچەوانەوە دادگایی کردنت بەشێوەی پاشملە غیابی بەرێوەدەچێت بەگوێرەی رێساکان.
دادوەر/ حسن علی مراد أمین
***
دادگای کەتنی هەولێر/٤
ژمارە/ ٢١٣/ك/٢٠٢٠
رێکەوت/ ٢٠٢٠/٢/١٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ئالان محمود حسن
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی ١٤٣ لە یاسای بنەمایی دادگاییکردنی سزایی دادگاکەمان بریاری دا لە رێگای رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لەکاتژمێر ٩ی بەیانی لە بەرواری ٢٠٢٠/٤/١٢ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان بەرسیارن بەپێی یاسا.
دادوەر/ ئومێد محسن حمدامین
***
دادگای کەتنی رواندز
ژمارە/ ٤/ك/٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠٢٠/١/١٣
بۆ تاوانبارانی هەڵاتوو / شێرزاد شێخ قادر و بەشدار قادر شێخ و هاوکار قادر شێخ
ئاگادارکردنەوەی سزا
دادگای کەتنی رواندز لە دادگایی کردنی داوای ژمارە ٤/ك/٢٠١٩ لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٩ بریاری حوکمی دەرکردووە بە بەندکردنتان الحبس بۆ ماوەی ١ یەك سال بەپێی مادەی ٤٣١ لە یاسای سزادان و لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونتان دیار نییە بۆیە دادگا بڕیاریدا بە ئاگادارکردنەوەتان لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بۆیە لەماوەی یاسایی ٣٠ رۆژ لە رۆژی بڵاوکردنەوەی رۆژنامە بۆتان هەیە تانە لەو بریارەی دادگا بدەن لە رێگەی خۆتان یان بریکاردەرەکانتان بەپێچەوانەوە ئەو مافەتان نامێنێ و بریاری دادگا پلەی کۆتایی وەردەگرێت.
دادوەر/ بلال غازی کاك امین
***
فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە/ ١٢٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٨
هۆشداری
هۆشدەر/ پارێزەر مریوان جعفر الفخار/ بریکاری صامد و سربست و ماهر و سرهنگ و سالار و سائر مندالآنی نامق خورشید
هۆشداریکراو/ منصور علی پور
بەڕێزتان هۆشداریتان ئارستەکراوە لە فەرمانگەکەمان لەلایەن پارێزەر مریوان جعفر الفخار/ بریکاری صامد و سربست و ماهر و سرهنگ و سالار و سائر مندالآنی نامق خورشید بە ژمارە/ ٣٩/٧٧٦١) لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٩ لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی عەرەب لە ٢٠٢٠/٢/١٣ لە رێگای دوو رۆژنامەی فەرمی پێتراەگەیێنم تۆ کرێچی بریکارارانی لە شوقەی دروستکراو لەسەر زەوی ژمارە ٥٤٦/٨٣ عەرەب بە کرێی مانگانە ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار دیناری عێراقی وە لەبەر ئەوەی تۆ کرێی مانگی شباط/٢٠٢٠ نەداوە کە دەکاتە ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار دیناری عێراقی بۆیە هۆشداریت دەکەم لە ماوەی ٨ رۆژ لە رۆژی پێڕاگەیاندنت بەم هۆشداریە کرێی مانگی شباط/٢٠٢٠ کە دەکاتە ٢٧٠,٠٠٠ دوو سەد و حەفتا هەزار دیناری عێراقی رادەستی بریکاردارم بکەیت ئەگینا بریکارارانم ناچار دەبن داوات لەسەر تۆمار بکەن بە چۆلکردنی ئەم شوقەیە و رادەستی بریکارارانم بکرێت بە بەتالی (تسلیمهم خالیا من الشواغل) و هەموو خەرجی و ماندووبوونی پارێزەر بخرێتە ئەستۆت. هۆشداری کراو پاساوی نیە.
دادنووس/ پەخشان مامند مولود
***
فەرمانگەی دادنووسی دووەمی هەولێر
بەشی هۆشداری و لابردنی بریکار
ژمارە/ ١٢٥
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٨
هۆشداری
هۆشدەر/ پارێزەر مریوان جعفر الفخار/ بریکاری صامد و سربست و ماهر و سرهنگ و سالار و سائر مندالآنی نامق خورشید
هۆشداریکراو/ محمد اسعد خۆشەوی
بەڕێزتان هۆشداریتان ئارستەکراوە لە فەرمانگەکەمان لەلایەن پارێزەر مریوان جعفر الفخار/ بریکاری صامد و سربست و ماهر و سرهنگ و سالار و سائر مندالآنی نامق خورشید بە ژمارە (٣٩/٧٧٥٠) لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/٩ لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی عەرەب لە ٢٠٢٠/٢/١٣ لە رێگای دوو رۆژنامەی فەرمی پێتراەگەیێنم تۆ کرێچی بریکارارانی لە شوقەی دروستکراو لەسەر زەوی ژمارە ٥٤٦/٨٣ عەرەب بە کرێی مانگانە ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار دیناری عێراقی وە لەبەر ئەوەی تۆ کرێی مانگی شباط/٢٠٢٠ نەداوە کە دەکاتە ٢٧٠,٠٠٠ دوو سەد و حەفتا هەزار دیناری عێراقی رادەستی بریکاردارم بکەیت ئەگینا بریکارارانم ناچار دەبن داوات لەسەر تۆمار بکەن بە چۆلکردنی ئەم شوقەیە و رادەستی بریکارارانم بکرێت بە بەتالی (تسلیمهم خالیا من الشواغل) و هەموو خەرجی و ماندووبوونی پارێزەر بخرێتە ئەستۆت. هۆشداری کراو پاساوی نیە.
دادنووس/ پەخشان مامند مولود
***
مجلس القضاء
رئاسة محكمة استئناف منطقة كركوك/ گرميان
محكمة الأحوال الشخصية في كفري
إعلان
المدعية/ شنو علي امين
المدعي عليه / طوران كمال فارس، مجهول محل اقامة
لدعوي زوجتك المدعية اصدرت هذه المحكمة قرارها بالدعوي المرقم (٣٥٤/ش/٢٠١٩) بتاريخ (٢٠٢٠/١/١٦) بالتفريق للهجر بينكما ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك عن طريق صحيفتين محليتين يوميتين للحضور بنفسك او من ينوب عنك قانونا للطعن بالقرار والا سيكتسب درجة البتات اصوليا.
القاضي/ فريدون عبدالله محمد شفيق
***
شوێنی نیشتەجێ بوونت بەپێی اشعاری مختاری گەرەکی عەرەب لە ٢٠٢٠/٢/١٣ لە رێگای دوو رۆژنامەی فەرمی پێتراەگەیێنم تۆ کرێچی بریکارارانی لە شوقەی دروستکراو لەسەر زەوی ژمارە ٥٤٦/٨٣ عەرەب بە کرێی مانگانە ٢٧٠,٠٠٠ دوو سەد و حەفتا هەزار دیناری عێراقی بۆیە هۆشداریت دەکەم لە ماوەی ٨ رۆژ لە رۆژی پێڕاگەیاندنت بەم هۆشداریە کرێی مانگی شباط/٢٠٢٠ کە دەکاتە ٢٧٠,٠٠٠ دوو سەد و حەفتا هەزار دیناری عێراقی رادەستی بریکاردارم بکەیت ئەگینا بریکارارانم ناچار دەبن داوات لەسەر تۆمار بکەن بە چۆلکردنی ئەم شوقەیە و رادەستی بریکارارانم بکرێت بە بەتالی (تسلیمهم خالیا من الشواغل) و هەموو خەرجی و ماندووبوونی پارێزەر بخرێتە ئەستۆت. هۆشداری کراو پاساوی نیە.
دادنووس/ پەخشان مامند مولود
***

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کە کۆمپانیای (PERFECT SUPPLEMENTS) بۆ بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری گۆرینی (ناوی کۆمپانیای) داوە لە کۆمپانیای (PERFECT SUPPLEMENTS) بۆ کۆمپانیای (بانی بنوك)، بۆیە هەر کەسێك نارەزایی یان مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر
هۆبەی یاسایی
ژمارە: ٣١٢٦
رێکەوت: ٢٠٢٠/٢/١٨
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیا (طشقند)
بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیا (طشقند) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار)
لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٨) تایبەت بە دانانی کۆمپانیا لەژێر پاکتاوکردن و دانانی بەرێز (راستگو محمد علی محمد) بە بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو. من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٢/١٨
پشتیوان مصطفی قادر
بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری
ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیا (طشقند) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنوردار) بریاری پاکتاوکرنی کۆمپانیای داوە بۆیە هەرکەسێك یان لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر - شوقەکانی زانیاری).
پاکتاوکار/ راستگو محمد علی محمد
نانیشان/ هەولێر - شوقەکانی زانیاری
ژمارە مۆبایل/ ٠٧٥٠٣٥٧٢٤٢٥
ئیمیل/ yahoo.com@rastgo٨٣

کەس شەڕی ناوێت..

ئەو بیرۆکەیە تا چەند راستە کە جیهان بەرەو قۆناغێکی ئارام و سەقامگیرتر هەنگاو دەنێت!



ئا: خالید گەردی

لە ساڵی 2011ستیف بینکر زانای دەروونناسی پڕفرۆشترین کتێبی خۆی بە ناوی (The Better Angels of Our Nature) بڵاوکردەوە، تیایدا جەخت لەوە دەکاتەوە کەوا ویستی تووندوتیژییەکان بە هەموو شێوازەکانی لە نێویشیاندا شەڕوشۆڕ بەرەو کەمبوونەوە دەچێت و مرۆڤەکانیش کەمتر تێنووی خوێن رشتن.گۆڤاری (HYPER-LINK "https://foreignpolicy.com/2020/01/12/is-the-world-getting-safer/" Foreign Policy) ئەمەریکیش نووسیویەتی بینکر یەکەم کەس نییە پێشبینی کۆتایی هاتنی شەڕوشۆڕی کردبێت، بەڵکو جۆن مۆلەری زانای سیاسی لە هەشتاکان بیرۆکەیەکی هاوشێوەی بیرۆکەی بینکری خستۆتەڕوو، پێداگیری دەکات لەوەی شەڕی زلهێزەکان، هاوشێوەی دیاردەی کۆیلایەتی لە سەدەی بیست، بۆتە مۆدەیەکی کۆن و باوی نەماوە.

لەدەیەی یەکەمی سەدەی بیست، سێ کتێب بڵاوکراونەتەوە کە جەخت لە پاشەکشەکردنی شەڕوشۆڕ دەکەنەوە ، بەرچاوترینیان کتێبی (The Great Illusion) (نورمان ئەنجیل)ە کە پێش چوار ساڵ لە هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهان بڵاوکراوەتەوە. نووسەر نووسیویەتی؛"چۆن دەکرێت پێشبینی بەردەوامیی هۆکارەکانی شەڕ هەڵگیرسان بکەین، لەکاتێکدا هەموو چالاکیی و بایەخێکمان بە ئاراستەی ئاشتییە". پێچەوانەی بۆچوونەکەی نورمان، بیر براومۆیلەر ی زانای سیاسەت و ئامار لە زانکۆی ولایەتی ئۆهایۆ لە دوا کتێبیدا بە ناوی (Only the Dead) بەشێوەزمانێک کە خۆینەری ئاسایش لێی تێبگات بە پشتبەستن بەو زانیاریانەی لە ئامارو داتاکان دەستی کەوتووە، نووسیویەتی:"بەڵای کەمەوە لە ماوەی دووسەد ساڵی رابردوو، شتێکم بەدی نەکرد ئاماژە بە پاشەکشەی شەڕو ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی مردن بکات، بەڵکو پێچەوانەکەی راستە". هۆشداریش دەدات و دەڵێت؛"هەرگیز بەدوور نازانرێت لەو ماوەیەی لە ژیانداین، شەڕێک ڕووبدات زۆر لە هەردوو شەڕە جیهانییەکەی پێشوو وێرانکەرتر بێت".

جیاوازی بۆچوونەکانی بینکەر و براومۆیلەر لە خوێندنەوەی جیای هەردووکیان بۆ داتاکان سەرچاوەی کرتووە، هەر لە شەڕی دووەمی جیهانەوە تا ئەمڕۆ وا دەردەکەوێت ململانێ نێودەوڵەتییەکان ڕوویان لە پاشەکشەکردبێت، بەڵام ئەگەر بە چاوێکی بەرفراوانتر تەماشا بکەین دەردەکەوێت لە ماوەی دوو سەدەی رابردوو ڕێژەی شەڕوشۆڕی نێوان وڵاتان زیاتری کردووە، وەک براومۆیلەر گووتەنی پێدەچێت بینکەر تەنیا پشتی بە داتاکانی ئەورووپا بەستووە، ئەگەرنا لەدوای شەڕی ناپلیۆن سەردەمی شەڕی سارد زۆر بارگاوی تربوو، بەڵام دوای کۆتا هاتنی شەڕی سارد ئینجا تێکڕای هەڵگیرسانی شەڕ ڕووی لە کەمبوونەوە کردووە.

گەشبینەکان پشت بەچ دەبەستن ؟

گەشبینەکان هۆکاری پێشبینییەکانیان بۆ پاشەکشەکردنی ویستی شەڕوشۆڕ بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کەوا هەر یەک لە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی لە دۆخێکی دەگمەن و تایبەت ڕوویدا، پاڵنەرێکی دیکەشیان ئەوەیە ماوەی (70) ساڵ کە بە ئاشتی دڕێژخایەن ناسراوە لەدوای شەڕی دوومی جیهانی هەر بەردەوامە.

بەڵام ئاستەمە بەبێ پشت بەستن بە ئامارێکی ورد بزانرێت، ئایا لە ماوەی ئاشتی دڕێژخایەنەکە کە ماوەی (70) ساڵە، ماوەکە بە بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە دادەنرێت کەوا جیهان زیاتر سەقامگیرتر بووە؟ یا ئەوە تەنیا ڕێکەوتێکەو هیچی تر. بۆ دۆزینەوەی باشترین وەڵام، براومۆیلەر بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لەسەر تێکڕای هەڵگیرسانی شەڕو ئاستی خاپوورکارەکەی پشتی بە ئاماری فەرمی بەست و بۆ دەرکەوت سەرەڕای کەمبوونەوەی هەڵگیرسانی شەڕ لەدوای شەڕی دووەمی جیهانی، بەڵام لەماوەی دووسەد ساڵی ڕابردوو ئاستی ڕادەی ئەو وێرانکارییانەی بەهۆی شەڕکان کەوتوونەتەوە، لەگەڵ ئەو هۆکارانەی بەهۆیانەوە شەڕ هەڵدەگیرسێت، زیاتر بووە. ڕەنگە ئەو ئاکامە بێزارکارەی کە براومۆیلەر پێی گەیشتووە زیاتربوونی هەڵی هەڵگیرسانی شەڕ بێت و پێیوایە شەڕ وەک بوومەلەرزەو و هێرشی تیرۆریستی پەیڕەو لە شێوازێکی نا تەقلیدی دەکات کە بە یاسای هێز ناسراوە. یەکێ لە خاڵە بەهێزەکانی کتێبەکەی براومۆیلەر ئەوەیە گرنگی بەشەڕانە داوە کە ناوەندگێکی زۆریان نەبووە، بەڵام بە شێوەیەکی بەرچاو تووندوتیژی تیا ئەنجامدراوە، ڕاستە ناکرێت شەڕی نێوان دوو وڵات بە بەراورد لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانیان بەشەڕی جیهانی ناو ببرێت، بەڵام ئاسەوارەکەی لە هەردوو شەڕە جیهانییەکە وێرانتربووە نموونەی شەڕی باراگوای لە شەستەکانی سەدەی نۆزدە، شەری تشاکۆی نێوان باراگوای و بولیفیا لە سییەکان، شەڕی عێراق و ئێران لە هەشتاکان.

دەرفەتی بەرفراوانبوونی شەڕێکی نوێ، هاوشێوەی شەڕی یەکەمیی جیهانی تەنیا 1%

براومۆیلەر بە پێی ئەو تیۆرێنەوانەی هەر لەدوای ساڵی 1945ئەنجامی داوە ڕوونیکردۆتەوە، هەرکە شەڕ هەڵگیرسا، ئەگەری بەرفراوانبوونی شەڕەکە وێرانکار دەبێت هاوشێوەی ئەو شەڕانەی لە ساڵانی 1913و 1938 ڕووباندا، دەرفەتی بەرفراوانبوونی شەڕێکی نوێ (1%) بەڵام ژمارەی کوژراوان دوو هێندەی ژمارەی کوژراوانی شەڕی دووەمی جیهانی دەبێت، کە تیایدا (65) ملیۆن قوربانی لێکەوتەوە، واتا لە هەر (200) کەس، کەسێک بووە قوربانی. مۆیلەر دەڵێت ڕێژەکە کەم دێتە بەرچاو، بەڵام ئەگەر لە هەردوو ساڵ، شەڕێک هەڵگیرسێت و ژمارەی قوربانیانی لە (1000) کەس تێپەڕێت، ئەو جۆرە شەڕانەش لەبەرچاوبگرین ئەوا لە سەدەی داهاتوو ڕێژەکە لە (1%)ەوە بۆ (40%) هەڵدەکشێت. ڕاستە پێکدادانەکانی زلهێزەکان نەگەیشتوونەتە ئاستی شەڕی سەرتاسەری، بەڵام ڕوونە ڕادەی میکانزمی بەرفراوانبوونی هەڵگیرسانی شەڕێکی نوێ، هەمان ڕادەی میکانیزمی بەرفراوانبوونی شەڕە کۆنەکانەو گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتوە.

کەس شەڕی ناوێ.. سیاسەتی نێودەوڵەتی گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە

گەشبینەکان، جگە لەوەی بانگەشەی ئەوە دەکەن داتاکان پشتگیری لە بۆچوونەکەیان "شەڕ پاشەکشەی کردووە" دەکات، پێشیانوایە سیاسەتی نێودەوڵەتی و هەڵوێستی وڵاتە پێشکەوتووەکان گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا هاتووە، هەروەها سەرەڕای ئەوەی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانیش بۆ پاراستنی ئاشتی کارەکانیان چالاکتر بووە، ئاسەوارە وێرانکارەکەی بۆمبی ناوکیش ڕۆڵی گەورەی لە پاشەکشەی شەڕ هەبووە.

بینکەر لەلای خۆیەوە جگە لەو هۆکارانەی لەسەرەوە باسمان کردن، چەند هۆکارێکی دیکەشی دەخاتە سەر وەک (پرۆسەی بەشارستانی بوون) و گەشەسەندنی بیرۆکەی پاراستنی مافی مرۆڤ و لەناوبردنی کۆیلایەتی و چەسپاندنی چەند بنەمایەک لە سیستەمی نێودەوڵەت، پێی وایە ئەوانە بەربەستێکی باش دەبن لە بەردەم هەڵگیرسانی شەڕ.هەرچی براومۆیلەرە پێی وایە شتێ نییە زامنی ئەوە بکات ئەگەر جەماوەرێکی ئاشتیخواز لە وڵاتێک بوونی هەبوو، ئەوە مانای وایە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەش ئاشتیخوازترو جیهانیش سەقامگیرتر دەبێت. لەبارەی چەکی ناوکیش گوتوویەتی، ڕاستە بانگەشەی ئەوە دەکرێت بەهۆی ئاسەوارە خاپوورکەرەکەی ئەم چەکەوە بیرۆکەی هەڵگیرساندنی شەڕ لە ئارا نەماوە، بۆتە ڕێگر لەبەردەم بەرفراوانبوونی ململانێ نێودەوڵەتییەکان. بەڵام سەیری دیوەکەی دیکەی ئەم چەکەیان نەکردووە کەخۆی لەخۆیدا ڕەنگە ڕێگاخۆش کەر بێت بۆ هەڵگیرساندنی شەڕ، بۆ ئەم بۆچوونەشی نمونەی ئەوە دێنێتەوە ئەگەر لە کاتی بە هەڵە هەڵدانی یەکێ لەو سەدەها ڕۆکیتە ناوکییانەی کە هەر یەک لە ئەمەریکاو ڕووسیا و وڵاتانی تر هەیانە، ببێتە هۆکاری بەرزبوونەوەی زەنگی هوشیارکردنەوەو کاردانەوەی لێبکەوێتەوە.

سەرچاوە: ئاژانسەکان

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



ساڵی 1937:
بۆ جاری یەکەم و بە فەرمی ئاڵای هۆڵەندا بەرز کرایەوە.



ساڵی 1942:
لە دوای تەواوبوونی جەنگی دووەمی جیهان ڕۆزفلتی سەرۆکی ئەمەریکا بڕیاری گۆشەگیرکردنی ئەو سەربازە ئەمەریکیانەی دا کە بە ڕەچەڵەک ژاپۆنی بوون.



ساڵی 1959:
لەدایکبوونی کۆماری قوبرس ڕاگەیەنرا.



ساڵی 1986:
شاحوسێنی پادشای ئوردن کۆتایی بەو ڕێککەوتنە هێنا کە ساڵێک لەمەوبەر لە نێوان ئوردن فەلەستێن مۆر کرابوو.



ساڵی 2008:
دوای 50ساڵ، فیدل کاسترۆ دەستی لە پایەی سەرۆکایەتی کوبا بەردا.



ساڵی 2011:
لە میانی ئەو شۆڕشەی لە دژی دەسەلاتی قەزافی بەرپا کرا، شەڕی بەنغازی ڕوویدا.

گاڵتەجاڕی قەدەغەکردنی هاوردەی چەک بۆ لیبیا





ئا/ عەبدولقادر کەڵهۆڕ

یاریدەدەری نوێنەری تایبەتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لیبیا خاتوو ستیڤانی ویلیامر گوتی، پێشێلکارییەکان لە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی چەک بۆ لیبیا بووەتە مایەی گاڵتەجاڕی، هاوکات جەختی کردەوە پێویستە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەوانەدا بکرێت کە سەرپێچی لە بڕیاری قەدەغەکردنەکە دەکەن.لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە شاری میونخ لە ئەڵمانیا ویلیامز گوتی، قەدەغەکردنی هاوردەی چەک بۆ لیبیا پێویستی بە هەوڵی هەموو لایەکە، ئەگەر بەو شێوەی ئێستاش بەردەوام بێت ، دەبێتە گاڵتەجاری و قەدەغەکردنی مەحاڵ دەبێت.

پرسەکە زۆر ئاڵۆز بووە و پێشێلکاری لە بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردەی چەک بۆ لیبیا لە ڕێگەی ئەرز ئاسمان دەریادا بەردەوامە.ئەو لێدوانانەی ستیڤانی ویلیامز یاریدەدەری نوێنەری تایبەتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لیبیا لە دوای چەند ڕۆژێک لە پشت ڕاستکردنەوەی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دێت لە هەمبەر ئاگربەستی یەکجارەکی لە لیبیا و دریژەدان بە قەدەغەکردنی هاوردەی چەک بۆ لیبیا.دەقی بڕیارەکەش کە بەریتانیا پێشنیازی کردبوو لە کۆی 15دەنگ 14دەنگی بەدەستهێنا، بە تەنیا ڕوسیا ڕازی نەبوو دەنگی لەسەر بدات .سەرباری بەڵێن و ڕێککەوتنەکان، هەردوو لایەنی ناکۆک بەردەوام چەک و تەقەمەنیان دەگاتە دەست و ڕۆژانە شەڕ و کوشتار لە چواردەوری تەرابلوسی پایتەختی لیبیا ڕوودەدات.جێی باسە لەوەتەی ساڵی 2011وە دوای ڕووخانی ڕژێمی حوکمی موعەمەر قەزافی بە ڕاپەڕینی جەماوەری و بە پاڵپشتی پەیمانی باکوری ئەتڵەسی، پشێوی بێ سەروبەری بەرۆکی ئەو دەوڵەتەی گرتووە و باری ئەمنی تێیدا لەدەست دەرچووە و کۆنترۆڵ ناکرێت، تیایدا حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی کە لەوەتەی نیسانی پارسااڵوە لە ڕووی نێو دەوڵەتییەوە دانی پێنراوە لەگەڵ هێزەکانی چەنەڕاڵ خەلیفە حەفتەر لەجەنگدایە، کە بەرەو تەرابلوسی پایتەخت پێشڕەوی دەکەن.

هەر لەو چوارچێوەدا نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لیبیا ئاشکرای کرد، هێزەکانی حەفتەر چوون و هاتنی جموجۆڵی ئاسمانی نێودەوڵەتییەکانیان قەدەغە کردووە، ئەوەش وادەکات هەوڵەکان بۆ ئاشتی یارمەتی مرۆیی یەکی بکەوێت.لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی ڕۆژهەاڵتی لیبیا بە سەرۆکایەتی خەلیفە حەفتەر لەمانگی نیسانی ساڵی ڕابردووەوە لە هەوڵی ئەوەدان تەرابلوسی پایتەخت کۆنترۆڵ بکەن و لە دەست حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی دەربهێنن کە لە ڕووی نێو دەوڵەتییەوە دانی پێنراوە بەاڵم تاکو ئێستا نەیانتوانیوە هێڵەکانی بەرگری تێک بشکێنن و بگەنە تەرابلوسی پایتەختی لیبیا .

سەرباری ئەو ئاگربەستەی کە هەردوولایەن لە 12کانونی دووەمەوە ئیمزایان کرد، کەچی سەرۆکی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی فایز ئەلسەراج گوتی، بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی هیچ هاوبەشێکمان نییە بۆگەیشتن بە چارەسەر لە لیبیا.لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە تەرابلوس ئەلسەراج گوتی، ئێمە بە بەباشی دەزانین هیچ هاوبەشێکمان نییە بە پرسەی ئاشتی بۆیە بەوپەڕی ئاگەداری و وریاییەوە هەڵسوکەوت دەکەین. ئەلسەراج بە بێ ناوهێنانی هیچ دەوڵەت و کەسایەتیەک گوتی، پێویستە ئەوانەی پاڵپشتی حەفتەر دەکەن ئەو ڕاستییە بزانن کە گرەوەکەیان دۆڕاوە و هیچ سودێکی نییە ، تەنیا دەبێتە هۆی درێژەدان بە ماوەی شەڕ و کوشتار و قوڵکردنەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی ئاشوب لە نێوان لیبیەکان ، ئەوکاتەش چارەسەر زۆر سەخت دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە ، هەفتەی ڕابردوو ئەنتۆنیۆ گۆتێرێس سکرتێری گشتی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دیدارێکی لەگەڵ بی بی سی ، تەنگژەی لیبیای بە ئابڕووبەر وەسف کردبوو.

گۆتێرێس لە کاتی کۆبوونەوەکانی لە کۆنگرەی ئەمنی لە بەرلین گوتبووی، سەرباری ئەوەی وڵاتان پابەندن بە بڕیاری قەدەغەکردنی ناردنی چەک بۆ لیبیا بەاڵم بەردەوام پێشێلکاری ئەو بڕیارە دەکرێت. لەو ڕوانگە داوا لە سەرجەم وڵاتان دەکەم ڕێز لە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بگرن. هاوکات شەڕ و کوشتارەکانی لیبیا بەوە وەسفکرد کە شەڕێکی بە وەکالەتە لەوێدا لە ئارادایە، ئەوەش هەرگیز مایەی قەبوڵکردن نیە.جێی زانینە ، بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەهۆی شەڕ و کوشتارەکانەوە لەوەتەی نیسانی ساڵی 2019وە نزیکەی هەزار کەس کوژراوە و زیاتر لە 140هەزار کەسی دیکە ئاوارە بوون . لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی فایز ئەلسەراج گوتی، داخستنی بەندەرەکان لەلایەن هێزەکانی حەفتەرەوە لەسەر ئاستی جیاوازەوە کارەسات دێنێتە ئاراوە و تەنگژەی ئاڵۆزی لێ دەکەوێتەوە.لەوەتەی 18 کانونی دووەمەوە هێزەکانی ژەنەراڵ خەلیفە حەفتەر بەندەرەکانی لیبیایان کۆنترۆڵ کردووە و دایانخستووە کە تاکە ڕێگەی داهاتە بۆ لیبیا و شادەماری ژیانەوەی ئەو دەوڵەتەیە.لەلایەکی دیکەوە هەردوو لایەنی ناکۆک لە لیبیا توانیان لە کۆنگرەی ئەمنی بەرلین لەگەڵ لایەنە نێو دەوڵەتییەکان کۆبنەوە بۆ ئەوەی بگەن بە ڕێککەوتنێکی ئاگربەست و کۆتایی بێنن بەو شەڕ و ئاشوبەی کە بەرۆکی ئەو دەوڵەتەی گرتووە. لەو بارەوە میدیاکانی لیبیا ئاشکرایان کرد، هەردوو لایەنی ناکۆک ، خۆیان بە دوور گرتووە لە دانوستانی ڕاستەوخۆ و پەنایان بۆ لایەنی سێیەم بردووە. لەو بارەوە تەلەفزیۆنی ئەحراری لیبیا ئاشکرای کردووە ، نوێنەرانی حکوومەتی ویفاقی نیشتمانی ڕەتیان کردووەتەوە لەگەڵ نوێنەرانی خەلیفە حەفتەر دانیشن و دانوستان بکەن.

بۆ یەکەمجار لە مێژوودا سەرۆکوەزیرانی ئەرمینیا و سەرکۆماری ئازەربایجان لەبەردەم ڕای گشتیدا مشتومڕیان کرد



سەرکۆماری ئازەربایجان، ئیلهام عەلیەڤ و سەرۆکوەزیرانی ئەرمینیا ، نیکۆڵ پاشینیان لەمیانی پانێلێکی 56مین کۆنفرانسی ئاسایشی میونخ-دا لەبارەی پرسی زنجیرە چیاکانی قەرەباغ-ەوە گفتوگۆیان کرد. ئەمەش یەکەمجارە لە مێژوودا سەرکردەی هەردوو وڵات لەبەردەم ڕای گشتیدا مشتومڕ بکەن. سەرکۆماری ئازەربایجان، ئیلهام عەلیەڤ ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە قەرەباغ بەشێکی دانەبڕاوی خاکی وڵاتەکەیەتی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش دانی ناوە بە یەکپارچەیی خاکی ئازەربایجاندا، بەاڵم لەئێستادا سەدا 20ی ئەو خاکە لەژێر داگیرکاری ئەرمینیادایە و بەهۆی پاکتاوی نەژادیشەوە زیاتر لە یەک ملیۆن ئازەری ناچارچوون خاکی خۆیان بەجێبهێڵن. ئیلهام عەلیەڤ باسی لەو 613 هاوواڵتییە مەدەنییەش کرد کە لەلایەن ئەرمەنییەکانەوە لە هۆجالی باسی ئەوە دەکەن کە پێویستە گەاڵن خۆیان چارەنوسیان دیاری بکەن. گەلی ئەرمینیا چارەنووسی خۆی دیاری کرد و لەئێستادا دەوڵەتێکیان هەیە ، ئەگەریش دەیانەوێت بۆ جاری دووەم چارەسنووسی خۆیان دیاری بکەن، پێشنیازیان بۆ دەکەم شوێنێکی دیکە بۆ ئەم کارە هەڵبژێرن نەک ئازەربایجان".

لەبەرامبەر ئەم وتانەی ئیلهام عەلیەڤ، سەرۆکوەزیرانی ئەرمینیا ، نیکۆڵ پاشینیان ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی لە هۆجالی ڕەتکردەوە و جەختی لەوەش کردەوە کە پێویستە ئەم پرسە بەڕێگای ئاشتییانە چارەسەر بکرێت. پاشینیان بانگەشەی ئەوەشی کرد کە لە ناوچەی قەرەباغ سوپای ئەرمینیای لێنییە، بەڵکو چەند هێزێکی چەکداری ئەرمەنی خەڵکی ناوچەکە لەوێن، بەاڵم دواتر باسی لەوە کرد کە کورەکەی خۆی لە قەرەباغ و لە سەنگەری پێشەوەی جەنگ خزمەتی سەربازی کردووە.

کوژران و گوتی: "ئەگەر لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە بڕوانینە پرسەکە قەرەباغ خاکی ئازەربایجانە. نەتەوە یەکگرتووەتەکان بۆ ڕێگریکردن لە داگیرکارییەکانی سوپای ئەرمینیا چوار بڕیاری دەرکردووە، بەاڵم ئەم بڕیارانە جێبەجێنەکراون. چارەسەریش تەنها لەچوارچێوەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئازەربایجان بەدەستدێت". سەرکۆماری ئازەربایجان، ئیلهام عەلیەڤ باسی لەوەش کرد کە پێویستە "ڕێکخراوی ئاسایش و هەماهەنگی ئەوروپا" وەک بەڕێوبەری قۆناغی چارەسەر باشتر ئەوە ڕوون بکاتەوە کە قەرەباغ خاکی ئەرمینیا نییە و پێویستە ڕای گشتیشی لەم بابەتەدا گوشار بخاتە سەر ئەرمینیا و گوتی: "سەرۆکوەزیرانی ئەرمینیا باسی ئاشتی دەکات، بەاڵم هەر ئەمڕۆ سەربازێکی ئازەربایجان بەدەستی قەناسبەدەستێکی ئەرمینیا کوژرا". ئیلهام عەلیەڤ ئاماژەشی بەوە دا کە دەسەاڵتی ئەرمینیا هەموو هەوڵێکی خۆی خستووەتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم ڕەوشەی ئێستا بپارێزێت، جەختی لەوەش کردەوە کە پێویستە ئەو ئازەرییانەی لە خاکی خۆیان وەدەرنراون بگەڕێنەوە نیشتمانی خۆیان. سەرکۆماری ئازەربایجان ئەوەشی دووپاتکردەوە کە دەبێت چارەسەرێک بۆ پرسی ناوچەی قەرەباغ بدۆزرێتەوە و گوتی: "ئەرمەنییەکان هەمیشە

مانشێت



ئیلاف:
لە باشووری ڕۆژئاوای کۆلۆمبیا ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو تەقیەوە و بووە هۆی کوژرانی 7کەس.



ئەی ئێف پی:
بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند تویتێکی تایبەت بە ڕەگەزپەرستی، ئەندرۆ سابیسکی ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا دەستی لەکار کێشایەوە.



ڕۆیتەرز:
لە شاری کویتای پاکستان تەقینەوەیەکی خۆکوژی بووە هۆی کوژرانی 10 کەس و بریندارببوونی 35 کەسی تر.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دادگایەکی بەلژیکی ڕازی نەبوو بەوەی دوو لە سەرکردەکانی هەرێمی کاتالۆنیا ڕادەستی ئسپانیا بکرێنەوە.



فرانس 24:
وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا ڕازی بوون بەوەی هێزێک ڕەوانەی کەناراوەکانی لیبیا بکەن بە مەبەستی وەستاندنی هەڵڕژانی چەک بۆ ئەم وڵاتە.



کەنالی ئار تی:
سربەکانی ناو کۆمارب بۆسنە و هەرسک بڕیاری وەستاندنی کاری سەرجەم دەزگا فیدراڵییەکانیان دا هەروەها هەڕەشەی جیابوونەوە و ڕاگەیاندنی سەربەخۆییش دەکەن.

جەژنی نەورۆز بە گەشتیاری دەکرێ
بۆ کەرنەڤاڵی نەورۆز هەموومان لە کوردستان دەبین







ئا/ ل. گەشتوگوزار

جەژنی نەورۆز لە جەژنە کۆنەکانی گەلی کوردستانە، سالانە لە مانگی ئادار بە تایبەت لە دوای 21ی ئازار کۆمەلێک چالاکی هەمەڕەنگی میللی بەڕێوەدەچێت و بە بۆنەی جەژنی نەورۆز لێرەو لەوێ بە چەند شێوازێکی جۆراوجۆر پێشوازی لە جەژنی نەورۆز دەکرێ. بۆ بەگەشتیاری کردنی جەژنی نەورۆز دەستەی گشتی گەشتوگوزار پلانێکی 5 ساڵەی داناوە و لەم ساڵەوە دەچێتە بواری جێبەجێکردن.

رەنگە بۆچوونی جیاواز لە هەرێمی کوردستان و لە جیهان لەسەر جەژنی نەورۆز و شێوازی سەرهەڵدان و میتۆووکەی هەبێت، هەندێک وەک جەژنێکی نەتەوەی کورد زۆر بەهێز پشتگیری دەکەن، هەندێک وەک جەژنی رەگەزی ئاری دەیناسێنن و بە جەژنی چەند نەتەوە و گەلانی خۆرهەڵات دەیناسێنن، هەندێکیش وەک جەژنێکی جیهانی و رۆژێکی نوێ لە وەرزەکانی ساڵ دەیناسێنن و یادی دەکەنەوە. بە بۆچوونی کورد جەژنی نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین، بە تەواوی لەگەڵ دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی کوردی، دەوڵەتی ماد. دروست بووە، هەندێکیش پێنوایە چیرۆکی کاوەی ئاسنگر و زوحاک تەواو پێچەوانەی ئەو گێڕانەوەن کە لە ناو کورد باوە.

بە بۆچوونی دەستەی گشتی گەشتوگوزار، نەورۆز وەک جەژنێکی گەلی کوردستان، وەک کەرنەڤاڵێکی میللی و وەک کولتوورێکی زیندو، وەک رۆژێکی نوێ و جیاواز گرنگە بکرێتە سەرچاوەیەک بۆ خۆشی و شادی و بۆ سوودبەخشین بەگەلی کوردستان، بکرێتە سەرچاوەیەکی داهات بۆ ژیانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، بۆیە بیرۆکەی بە گەشتیاری کردنی جەژنی نەورۆز چەند ساڵێکە کاری بۆ دەکرێ و ئەم ساڵیش پلانێکی تایبەتی بۆ دانراوە و لە رێگای گروپێک لە دەستەی گەشتوگوزار و لە شارەکان کار بۆ سەرخستنی دەکرێ.

بە پێی لێدوانی وتەبێژی دەستەی گشتی گەشتوگوزار، پلانێک بۆ ماوەی 5ساڵ بۆ بەگەشتیاری کردنی جەژنی نەورۆز دانراوە، لە پلانەکەدا هاتووە کە هەرێمی کوردستان دەکەنە گەورەترین ناوەند بۆ بەڕێوەچوونی ئاهەنگی نەورۆز، خۆشییەکان و چالاکییەکان دەکەن بە کەرنەڤاڵ، بۆیە ئامانجی پلانەکە بریتییە لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا بتوانن ژمارەی گەشتیاران لە ماوەی رۆژانی نەورۆز بگەینە یەک ملیۆن گەشتیار. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ساڵانە ژمارەیەک چالاکی جۆراوجۆر بەڕێوەدەچن و سوود لەو رێوڕەسمانەی لە نەورۆز لە شارەکانی کوردستان دەکرێن وەردەگیرێت و بە جیهانی دەناسێنن. لە ساڵی 2020 وەک سەرەتایەک زیاتر رێکخستنی کارەکان و دروستکردنی هەماهەنگی و ناساندن و بڵاوکردنەوەی هۆشیارییە لە ناوەوە و لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، ساڵ دوای ساڵ چالاکی کەرنەڤاڵەکە گەورەتر و فراوانتر دەبێت و ژمارەی گەشتیارانی زۆرتر دەبیت.

جێگەی بە بیرهێنانەوەیە، کە ئەم جەژنە دەکەوێتە سەرەتای مانگی بەهار، کە مانگی نوێبوونەوەیە و تیایدا سروست بەرگی سەوزی خۆی بە جوانترین شێوە دەپۆشێت، ئەمەش رێگا بۆ کورد خۆش دەکات کە ئاهەنگ بگێڕن، بەم بۆنە نەتەوەیەوە لە 21 بۆ 23 ئاداری هەموو ساڵێک پشووی فەرمیە لە هەرێمی کوردستان. لەم رۆژانە، و لە دوایشیان بە شێوەیەکی گشتی، گەلی کوردستان بۆناو سروشت دەردەچن و جلوبەرگی رەنگاورەنگی کوردی دەپۆشن و بە کۆمەڵ ئاهەنگ و شادی دەگێڕن.

گرنگی خەڵاتی جۆری (جائزه الجوده) بۆ بنکەکانی گەشتوگوزار



نادر روستی

لەسەر ئاستی جیهان خەڵاتی جۆری پێشکەش بە باشترین ئەو بنکە و شوێنانە دەکرێ کە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە گەشتیار سەرکەوتوون و دەتوانن کرپار رازی بکەن و ژمارەی کرپار یان گەشتیار زیاد بکەن.

بۆ یەکەم جار لە عێراق بە گشتی و لە هەرێمی کوردستان بەتایبەت بە مەبەستی پێشخستن و بەرزکردنەوەی جۆری(کوالێتی) خزمەتگوزاری گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان، خەڵاتی جۆری وەک یەکێک لە پێوەرەکان یان هەڵسەنگاندنەکان لە پێناو بەرەوپێش بردن و بەرزکردنەوەی ئاستی جۆری خزمەتگوزاری لە بنکە گەشتیاریەکان دەستی پێکرد، دەستەی گشتی گەشت و گوزار لە ساڵی 2016 هەڵسا بە دانانی خەڵاتی جۆری بۆ بنکەکانی مانەوەی گەشتیاری(ئوتێل) بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتییەکان لە بواری بەڕێوەبردنی جۆری. بەمەش دەستەی گەشتوگوزار وای کردووە کە کێبڕکێ لە نێوان بنکەکانی مانەوەی گەشتیاری (ئوتێل) دروست بێت و ببێتە پاڵپشتی بۆیان بە مەبەستی پەرەپێدانی تواناکانیان لە سەرجەم بوارەکانی کارکردن. لە ساڵی 2016 لە رێورەسمێکی تایبەتدا لە هۆتێلی رۆتانا چوار 4 بنکەی مانەوەی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان خەلاتەکەیان پێ بەخشرا. لە ساڵی 2018 بواری پێدانی خەلاتەکە بۆ 22 شوێن فراوان کرا، بە جۆرێک چیشتخانە و کافتریا و خواردنی خێرا و کۆمپانیاکانیشی گرتەوە. پێوەری خەلاتی جۆری تایبەت بە بنکەکانی مانەوەی گەشتیاری، جۆری چوار ئەستێرە و پێنج ئەستێرە کە لە 11 پێوەری سەرەکی و 47 پێوەری لاوەکی و 163 پرسیار لەخۆ دەگرێت. بنەماکانی پێوەرە سەرەکییەکان ئەمانە لەخۆ دەگرن (ستراتیژیەت، سەرکردایەتی، بەبازارکردن، سەرچاوە مرۆییەکان، کارپێکردن و خزمەتگوزاری، ژینگە و تەندروستی و سەلامەتی، هاوبەشی و سەرچاوەکان، رازیبوونی کارمەندان، رازیبوونی کرپار، ئەنجامەکان، پێوەرەکان و بەڕێوەبردنی زانین و پەرەپێدانی بەردەوام).-پێوەری خەلاتی جۆری تایبەت بە بنکەکانی مانەوەی گەشتیاری جۆری (2،1 ، 3) ئەستێرە کە لە 6 پێوەری سەرکی و 30 پێوەری لاوەکی پێکدێت. پێوەری خەلاتی جۆری تایبەت بە چێشتخانەی گەشتیاری لە 5پێوەری سەرەکی و 28 پێوەری لاوەکی پێکدێت.-پێوەری خەلاتی جۆری تایبەت بە خواردنی خێرا لە 5پێوەری سەرەکی و 25 پێوەری لاوەکی پێکدێت.-پێوەری خەلاتی جۆری تایبەت بە کافتریای گەشتیاری لە 5پێوەری سەرەکی و 27 پێوەری لاوەکی پێکدێت. پێوەری خەلاتی جۆری تایبەت بە (کۆمپانیا ، نووسینگە، وەکالە)ی گەشتیاری لە 6 پێوەری سەرەکی و 30 پێوەری لاوەکی پێکدێت. لە ساڵی 2019 بیست و دوو بنکە و کۆمپانیای گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان خەلاتی جۆریان وەرگرت. بۆ ساڵی 2020 بە هەمان شێوە رێورسمی پێدانی خەلاتەکە بە 21 بنکە ساز دەکرێ، چاوەڕێ دەکرێ لە هەفتەی داهاتوو براوەکان خەلات بکرێن.





پەرەپێدانی گەشتوگوزاری بەردەوام و کاریگەری بەسەر ئایندەی کۆمەڵگە

نادر روستی

پەرەپێدان پرۆسەیەکی بەردەوامە بۆ زیاتر پێشخستن و زیاتر رازیکردنی کرپار و زیاتر بە دەستخستنی داهات، پەرەپێدانی گەشتیاری پشت دەبەستێت بە پێکهاتە و بنەماکانی ژینگە، بۆیە پێویستە پەرەپێدان هاوشان بێت لەگەڵ بنەماکانی پاراستنی ژینگە. پەرەپێدانی بەردەوام بۆ تێرکردنی خواستی ئێستا و رەچاوکردنی ژیان و سەرچاوەکانی بژێوی نەوەی داهاتوو و تێکنەچوونی ژینگەیە. پەرەپێدانی بەردەوام پێشت بە چەند ئامانجێک (Sustainable Develop-ment Goal) دەبەستێت وەک: بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر بۆ هاوولاتییان. بەهێزکردنی هۆشیاری هاوولاتییان لە بارەی کێشەکانی ژینگە و چۆنیەتی پاراستنی پێکهاتەکانی ژینگە. باشترکردنی توانای وزە و بەکارهێنانی سەرچاوەی نوێ بۆ وزە. بەکارهێنانی ژیرانە بۆ سەرچاوە سروشتی و ژینگەییەکان. بەستنەوەی تەکنەلۆژیا بە خواستەکانی کۆمەڵگە. سووربوون بۆ بەکارهێنانی ئاوی پاک بۆخواردنەوە و پاراستنی سەرچاوەکانی ئاو. بەرنگاربوونەوەی پیس کردن، پاراستنی درامەتی سورشتی. هەموو ئەم ئامانجانە دەبنە بەدیهێنەری پەرەپێدانی ئابووری، پەرەپێدانی کۆمەلایەتی، پاراستنی دەرامەتە سروشتی و ژینگەییەکان.

گەشتوگوزاری بەردەوام کۆمەڵێک تایبەتمەندی لەخۆدەگرێ وەک: گرنگی بە جۆری شارەزایی و شێوازی پێشکەشکردنی دەدات. بەکارهێنانی توانا خۆجێییەکان(محلین) لە کارکردن و پلاندانان و دروستکردنی بڕیار. پشت بەستن بە دادی کۆمەلایەتی کە پشت بە بەشداریپێکردنی گەل دەبەستێت بۆ دابینکردنی پێویستییەکان و دروستکردنی بڕیار. کار دەکات لە سنووری درامەتەکان کە کەمترین کاریگەری خراپیان هەبیت و چارەسەری پاشماوەکان بکات، بەکارهێنانەوەی پاشماوەکان. گەشتوگوزاری دۆستی ژینگە کاری پێ بکرێ، کە پارێزگاری لە ژینگە بکات.

هەموو ئەمانە پێویستیان بە پلان هەیە، جێبەجێکردنی پلانەکە بەئامانجی باشترکردنی دۆخی ئابووری و مرۆیی و کۆمەلایەتی و ژینگەیی. رەچاوکردنی ژینگە، کەلەپووری مرۆڤایەتی، مافەکانی مرۆڤ، مافەکانی ئاژەڵ، دەستکەوتە سیاسی و مرۆییەکان، هەروەها پاراستنی دەرامەتەکان بۆ نەوەکانی داهاتوو. بەکارهێنانی دەرامەتەکان بە باشترین شێوە بۆ کەڵک وەرگرتن لێیان بۆ باشترین شێوە بۆ زیاترین ماوە. گرتنەبەری کاری دامەزراوەی لە بەرژەوەندی مرۆڤ و کۆمەڵگە و پاراستنی ژینگە. سەرجەم ئەمانەی ئاماژەمان بۆیان کرد لە رێگای پلانی پەرەپێدانی بەردەوام و جێبەجێکردن دەکرێن.



کچە شمشێربازیکی کورد لە دیمانەیەکی خەباتدا

کاڵێ کامەران: هیچ بایەخ بە یاری شمشێربازی نەدراوە و ئەوەی هەشبووە لە گرنگپێدانی راهێنەر و هەروەها حەز و خولیای یاریزانەکان بووە

خەبات: سولێن سلێمان

کاڵێ کامەران کچە یاریزانی بە توانای یاری شمشێربازی و لەهەمان کاتیش راهێنەری لەشجوانی و قوتابی کۆلیژی پەروەردەیی و جەستەیی زانستە وەرزشییەکانە لە زانکۆی هەڵەبجە، ئەو کچە وەرزشوانە لە دیمانەیەکدا بۆ لاپەڕەی وەرزشی ڕۆژنامەی خەبات باس لە ژیانی وەرزشی و هەروەها یاری شمشێربازی دەکات.

13 ساڵە وەرزش دەکات

ئەو کچە وەرشوانە سەرەتای چوونی بۆ ناو ئەم یاریيە دەڵێت: بەهۆی هاورێکانم حەزم بۆ یارییەکە دروست بوو، لە ساڵی 2007 دەستم بەو یاریيە کردووە هەروەها لە زۆرترین پاڵەوانێتی بەشداریم کردووە بەهۆی پشتگیریی خێزانەکەم توانیومە بەردەوام بم و پەرەی پێ بدەم و بگەمە باشترین ئاستەکان و سەرکەوتوویم، هەروەها دەڵێت: تەمەنی وەرزشیم نزیکەی 13 ساڵ دەبێت، لە یانەی ئەفرۆدێت وەرزشوانم و هەر لە سەرەتای دروستبوونی یارییەکەوە تا ئێستا.

دەسکەوتی ئەو کچە وەرزشوانە

کاڵێ کامەران باسی ئەو ئاستەنگانە دەکات کە ڕووبەڕووی یاریزانان دەبنەوە و دەڵێت: بێگومان کەمی پێداویستی و یاریگای تایبەت و بۆ هەموو یاریزانێک دەبنە کێشە و ئاستەنگ و سەرکەوتنی هەموو وەرزشکارێک، پێویستە بایەخ بە یاریزانان بدەن بۆ هەموو جۆرە یاریيەکان و بە تایبەتی یاری شمشێربازی، ڕاهێنانی تایبەت و چڕو تەغزیەی گونجاو کاریگەری لە سەر ئاستی وەرزشکار هەیە و بێگومان یانەکەمان هەمیشە پێشەنگ بووە بە تایبەت لە یاری شمشێربازی، کە پلەی یەکەم و دووەم و سێیەمی لە پاڵەوانێتیەکاندا بەدەستهێناوە و منیش لە پاڵەوانێتی یانەکانی سلێمانی پلەی سێیەم و دووبارە پاڵەوانێتی کوردستان و پلەی دووەم لەسەر ئاستی کوردستان بەدەست هێناوە، هەروەها بەشداری پاڵەوانێتی عەرەبیم کردووە و کۆتا پاڵەوانێتیمان لە شاری سلێمانی 16 /11/2019 بوو کە پاڵەوانێتی یانەکانی کوردستان بوو، هەروەها ئاماژەی بەوەشداو گوتی: بایەخەکان بۆ ئەو یاریيە زۆر کەمە بە ڕێژەیەک دەتوانم بڵێم هەر هیچ نەکراوە، ئەوەی هەشبووە لە گرنگی پێدانی ڕاهێنەر بووە هەروەها حەز و خولیای یاریزانەکان خۆیان بۆتە هۆکاری بەردەوام بوونیان، نەوەک گرنگیپێدانی لایەنە پەیوەندارەکانی حکومەت، کارەکانی ئەوان بۆ ئەو یاریيە بە داخەوە لە ئاستی پێویستدا نییە.

وەرزش بکەن

لە کۆتاییدا کاڵێ کامەران دەڵێت: بۆ هەموو وەرزشکارێک کە زۆر پشتگیریی بکرێت لە ڕاهێنەرەوەیە سەرەتا وەک پاڵنەری یەکەمە و خێزانیش بێگومان کلتور و کۆمەڵگا ئاسان نییە هەموو کچێک بتوانێت ڕووبەڕوی بێتەوە و پەیامم ئەوەیە کە هەموو تاکێکی ئەو کۆمەڵگایە هەنگاو بنێت بەرەو وەرزش کردن جا بۆ هەر مەبەستێک بێت بۆ پێکانی ئامانجەکەی و هەبوونی تەندروستییەکی باش و سەلامەت و هەروەها وەرزش کردن ڕێگەیەکە دووڕت دەخاتەوە لەو جەنجاڵیانەی کە ئێستا لە کۆمەڵگاکەماندا هەن.

ئایا کاتی نەهاتووە وازبهێنێت؟

دژوارترین ساتەکانی مێسی لەماوەی شەش ساڵدا



کاتێک مێسی پەنێتە تەمەنی 38ساڵییەوە، ئەو توانایەی جارانی لێدانی بۆ گۆڵ نامێنیت، ئەو ئەستێرەیەی یانەی بەرشلۆنە بە دژوارترین ساتەکانی گۆڵ تۆمار نەکردندا تێپەڕدەبێت، ئەویش لە 2014ەوە تا ئێستا بەمشێوەیە نەبووە.

مێسی هەڵگری چوار تۆپی زێڕین کە دواترینیان لەم وەرزی ڕابردوودا بوو، ئەوە چوار یاریيە لەسەر یەکتری گۆڵ تۆمار ناکات، ئەویش لە یاریيەکانی بەرامبەر فالانسیا و لیڤانتی و ریال بیتس و خیتافی، کە ئەمەش دژێژترین زنجیرەیە کە لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا گۆڵ تۆمار ناکات.

ئاستی ئێستای بەرشلۆنەش بە گشتی وەک پێویست نییە و هەموو ئەگەرەکان لە ئارادان کە ئەم وەرزە دەستبەتاڵی تێپەڕێنێت، ئەمە لەکاتێکدا کە 25ی ئەم مانگە دەچێتە ئێتاڵیا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی یانەی ناپۆلی لە یاری گەڕانەوەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا، دواتریش لە کلاسیکۆدا ڕووبەڕووی یانەی ریال مەدرید دەبێتەوە کە ئەمە خاڵی وەرچەرخانی کەتالۆنیایە کە بۆ دیاریکردنی ناسنامەی پاڵەوانی ئەم وەرزەی لالیگا.

جێی باسە ئێستا میدیاکانی ئیسپانیا زۆر بەچڕی باس لە دابەزینی ئاستی مێسی دەکەن و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە وای بۆ ناچن ئەو میسییەی جاران لە یاریيەکاندا ببینین، ئەگەرچی لە دروستکردنی گۆڵدا هەر مێسییەکەی جارانە، بەڵام میدیاکان پێیان وایە کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو یاریزانە واز لە یاریکردن بهێنێت.

ئەمڕۆ لەخولی یانە پلە یەکەکانی کوردستاندا:

هەڵۆ بۆ گەیشتن بەخولی نایابی کوردستان ڕووبەڕووی خاک دەبێتەوە

شەقلاوە و ئاسۆ پێشوازی لە سەید سادق و ئاکرێ دەکەن



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەمڕۆ چوارشەممە لەیاریيەکانی گەڕی دوازدەهەمینی خولی تۆپی پێی یانەپلەیەکەکانی کوردستان کاتژمێر 3ی دوای نیوەڕۆ لەشاروشارۆچکەکانی کوردستان چەندین یاری گرینگ ئەنجام دەدرێت، لەوانە لەیاریگای یانەی خاک، هەردوو یانەی خاک وهەڵۆ بەیەکدەگەن، یاریيە بۆ یانەی هەڵۆ یاریيەکی چارەنووسساز دەبێت، بەتایبەتی لەکاتی بردنەوەی لەخاک بەهەر ئەنجامێک ئەوا یانەی هەڵۆ سەرکەوتنی بەپلەی دووەم بۆ ڕێزی یانەپلەنایابەکانی کوردستان مسۆگەر دەکات لەپاڵ یانەی چەمچەماڵ کەبەپلەی یەکەم سەرکەوتووە بۆ خولی نایابی کوردستان، بەپێچەوانەوە ئەگەر هەڵۆ تووشی دۆراندن هات، ئەو موژدە خۆشەکەی دوادەخرێت بۆ دوا گەڕی هەفتەی داهاتوو بەهۆی ڕکابەریکردنی یانەی ڕزگاری بۆ هەمان مەبەست ، یانەی هەڵۆ لەم کاتەدا 20 خاڵی هەیە، یانەی ڕزگاری 17 خاڵی کۆکردۆتەوە، بۆیە بردنەوە بۆ یانەی هەڵۆ زۆر گرینگ و پێویستە، یاریيەکە بۆ یانەی هەڵۆ یاریيەکی هەستیار و زەحمەت دەبێت، بەڵام تا فیکەی کۆتایی ناوبژیوان هیچ ئەنجامێک دەرناکەوێت و ئەوەی باش یاری بکات و کۆنترۆڵی تۆپ لەنێو یاریگا بکات ئەوا چانسی بردنەوەی زیاتر دەبێت ، لەبەرانبەردا یانەی خاکیش تەنها 9 خاڵی هەیە و ئەمەیش دەیەوێت بردنەوەیەک تۆمار بکات و دڵی هاندەرانی خۆی جۆش وخرۆش بکات و ئەم بەبردنەوەیەش بۆخۆی بەدەستکەوتێک لەمێژووی ئەنجامەکانی نێو تیپەکە تۆمار بکات.

هەروەها لەیاری دووەمدا هەردوو یانەی شەقلاوە و سەید سادق لەنێو یاریگای شەقلاوە ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، یاریيە بۆ هەردوو یانە وەک یاریيەکی دۆستانە وایە، لەکاتێکدا بەبردنەوە و دۆراندنی هەردوو یانەکە هیچ کاریگەریەک لەسەر یانەکانی دیکە دروست ناکات، چونکە تیپەکانی سەرەوە بەخاڵ زۆر لەم دوو یانەیە دوورترن، بەتایبەتی پلیتی سەرکەوتنی یەکەم لەلایەن چەمچەماڵ یەکلایی بۆتەوە وپلیتی سەرکەوتنی دووەمیش لەلایەن یانەی هەڵۆ لە یاریيەکەی ئەمڕۆدا دەردەکەوێت.

ئەمڕۆش ئەم یاریيانە ئەنجام دەدرێت:

ئاشتی- چەمچەماڵ
خانەقین- ئالتون کۆپری
ئاسۆ- ئاکرێ
هەڵەبجەی شەهید- کۆیە

کوڕەکەی پێلێ: باوکم نایەوێت لەنێو خەڵکدا دەرکەوێت



ئێدینیۆ، کوڕی ئەفسانەی تۆپی پێی بەڕازیل، پێلێ ئاشکرایکرد باوکی بەهۆی کێشە تەندروستییەکانییەوە حەزناکات بچێتە دەرەوە.

ئێدسن چۆلبی دۆ ناشیمێنتۆ کوڕی پێلێ و ناسراو بە ئێدینیۆ، لەبارەی باوکی، پێلێ-وە، لێدوانی داوەتە تەلەڤیزیۆنی گلۆبۆی بەڕازیلی.

ئێدینیۆ باسی لەوەکردووە باوکی کە تەمەنی ٧٩ ساڵە، لەمیانی چەند ساڵی ڕابردوودا تووشی ژمارەیەکی زۆر کێشەی تەندروستیی بووەتەوە و ڕایگەیاندووە "بەهۆی ئەو نەشتەرگەرییەی لە سمتیدا بۆی ئەنجامدراوە، زۆر هەستیار بووەتەوە. تەنها لەسەر ڕەورەوە دەتوانێت هەنگاو بهاوێژێت. ئەمەش ئەوی تووشی جۆرێک لە خەمۆکی کردووە. بیربکەرەوە، ئەو شای تۆپی پێ بوو، هەمیشە کەسێکی دڕەوشاوە بووە. ئێستا بێ هاوکاریيکردنی، ناتوانێت بڕوات بەڕێوە. شەرم دەکات، لەبەر ئەوەی نایەوێت ببینرێت، خۆی کەنارگیر کردووە".

پێلێ بەهۆی ئەو کێشانەی لە گورچیلەکانیدا، هەروەها لە پرۆستاتیدا هەیبوون لە چەند ساڵی ڕابردوودا، چەندین جار براوەتە نەخۆشخانە.

ئەو یاریزانە ئەفسانەییە، یەکێکە لە باشترینەکانی تۆپی پێ و تاکە یاریزانە کە سێ جار جامی جیهانیی بردبێتەوە.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Wed.19. Feb. 2020 No: (5936)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

دەستنووسە ڕەسەنەکانی پێشەوا قازی محەمەد چاپکران



کتێبی (لە ئەرشیفی پێشەوا قازی دا) چاپ کرا کە بریتییە لە دەستنووسە ڕەسەنەکانی پێشەوا قازی محمد.

ئەو کۆمەڵە دەستنووسەی کە بەشێکی زۆریان بە دەستوخەتی پێشەوا قازی محەمەد نووسراوبوونەوە، لە زۆر لایەنەوە شیاوی سەرنجن.لەسەر فەرمانی ڕێزدار سەرۆک مەسعود بارزانی هەر سێ بەرگی نامە و نووسراوەکانی میژوویی کە لە لایەن زانایانی دینی بەڕێزان مەلا علی ابن عباسی و مەلا ابراهیم ابن عباسی نوسراون و کۆکراونەتەوە و لە لایەن بەڕێز مەلا لقمان ڕە هرو لە مانگی ئابانی ساڵی 1375 (ئۆکتۆبەری 1997) مصحف کراون بە پێی ئیمکان خوێندرانەوە و دوبارە نووسراونەوە بریتین لە 274و چەندین خۆش خەتی نامەن لە سێ بەرگ پێکهاتوون.

ئەم دەستنووسانە گەلێک لایەنی ژیانی ئەو کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی موکریانمان بۆ ڕوون دەکەنەوە. بەتایبەتی جوان دەردەکەوێ کە لەو بەشەی کوردستان دەسەلاتی سیاسیی ناوەند واتە تاران زۆر دەورێکی بەرچاوی نەبووە، بەڵکوو ئەوە ئاغا و دەرەبەگەکانن کە بۆ وێنە ئەگەر یەکێک یاخی بووبێت، سزایان داوە یان کەسێکیان لە گوندێک دەرکردووە، بەتایبەتی مەسەلەی مارەبڕین و تەلاق و شیربایی و خوێنبایی ئەو کاروبارانە هیچی نەچوونەتەوە دادگایەکی دامەزراو و لە ژێر سێبەری یاسا و دامەزراوەیەکی ڕێکخراودا نەبوونە، بەڵکو هەموو ئەو بڕیارانە بە دەست کەسانێکی دەستڕۆیشتووی وەک بنەماڵەی قازی بە تایبەتی "قازی عەلی" و کەسانی دیکەوە بوونە.

لە بەڵگەنامە دەستنووسەکاندا چەند ڕووداوێکی میژوویی تۆمار کراون وەک هێرشی ڕووسەکان بۆ سەر مەهاباد و دەستکردنەوەی کوردەکان و لاوازیی لەشکری کورد لە ڕووی لۆجستیک و چەک و تەقەمەنییەوە و ئەو زیانە زۆرانەی کە لەو سۆنگەیەوە لێیان کەوتووە.

ئەم دەستنووسانە لەو لایەنەشەوە گرنگن کە دەکرێ وەک بەڵگەیەکی میژوویی بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەو سەردەمە پشتیان پێ ببەسترێت.

بەتایبەتیتر لە هێندێ لاپەڕەدا لە جێی تێکست، کۆمەڵێک ژمارە و کۆد نووسراونەتەوە کە شارەزایانی ئەو بواڕە پێویستە ئەو کۆد و ژمارانە ڕوون بکەنەوە کە وێدەچێ بە ڕەمز نهێنییەکیان پێ نووسرابێتەوە و ئەوەش زۆر شتی دیکەمان لێ ڕوون دەکاتەوە.

لەسەر یەک، ئەو دەستنووسانە، کۆمەڵێک بەڵگەنامەی قۆناغێکی میژوی بەشێکی کوردستانن و پاراستنیان گرنگ و پێویستە و چەندین زانیاری بە سوودی میژوویی تێدا هەیە کە بە ماستەر و دکتۆرا بۆ دیراسەتی ئاستی تێگەیشتن و بورژوازبوونی بنەمالەی قازی و مەلاکانی دەڤەرەکە و بواری ئابووری و پەیوەندیان لەگەڵ حکومات و سنووری دەسەلاتیان...هتد سوودمەند دەبن.

وەک خوارەوە:

نامەکانی بەرگی یەک بەگشتی بریتین لە 130 نامەیە وەک خوارەوە:

أ .نامەکانی قازی علی و قازی محمد 8 نامەن کە لە لاپەرەکانی 2،20، 21، 93،104، 105، 106، 115دەبینرێن.

ب .نامەکانی عبدالله بایزیدی گاردی شاهی ئێران 5نامەن کە لە لاپەرەکانی 83و 90 107 و 108 و 109 دەبینرێن.

ت .نامەی همزه اقای منگور یەک نامەیە کە لە لاپەرەی 114دەبینرێت.

پ .بڕی 21 نامە مۆر و ئیمزا کراون کە لە لاپەرەکانی 15، 17، 31، 36، 51، 63،52، 70، 72، 76، 78،82، 84، 85، 87، 103،104، 105، 106، 115، 116 دەبینرێن.

ج .زۆرینەی نامەکانی تر خەتەکەی هەمان خەتی قازی محەمەدە، بەڵام ناوی نەنووسیوە.

نامەکانی بەرگی سێ بە گشتی بریتین لە 40 نامەیە وەک خوارەوە:

أ .نامەکانی دەوڵەتی و حوکمرانی 5 نامەن کە لە لاپەرەکانی 2، 4، 5، 23، 33دەبینرێن.

ب .نامەکانی پەیوەندیدار بە دەوڵەتی قاجار یەک نامەیە کە لە لاپەرەی 3دەبینرێت.

ت .نامەکانی قازی علی و قازی محمد 3 نامەن کە لە لاپەرەکانی 11، 12، 14 دەبینرێت.

پ .نامەکانی عبدالله بایزیدی گاردی شاهی ئێران 2 نامەن کە لە لاپەرەکانی 24، 28 دەبینرێن.

ج .بڕی 3نامە مۆر و ئیمزا کراون کەلە لاپەرەکانی 9، 35، 37 دەبینرێن.

ح . زۆرینەی نامەکانی تر خەتەکەی هەمان خەتی قازی محەمەدە، بەڵام ناوی نەنووسیوە.

جێگای ئاماژەیە کە ئەم بەرهەمە لە لایەن بەڕێزان ڕسول سوڵتانی و حەسەن دانیشڤەر و د.عبدالرزاق عوسمان ناوەندیی و د.موسی مەمەدە ڕەش خوێندنەوە و دووبارە نووسینەوە و پێداچوونەوەی بۆ کراوە و وەک خۆی بە پێی بەرگەکان دابەش کراوەتەوە. زۆرێک لە هەڤاڵان بۆچوونێکیان هەبوو کە مەرج نیە، هەموو بەڵگەکان وەک خۆی بنووسرێتەوە و بڵاوبکرێتەوە، بە تایبەتیش ئەوانەی پەیوەندیان بە کێشە ناوخۆییەکانی خێلەکی و بەکارهێنانی هێز هەبووە و هەروەها چەند نامەیەک کە زمانی ئەدەب نین و هەڵەی زمانەوانی تێدایەو هەندێکیان لێدان و کوشتنی تێدایە دەربهێنرێن و ئەرشیف بکرێن. هەروەها لە نامیلکەکاندا هەندێک جار لاپەرەکان پشتەوپاش کراون، بەڵام لە کۆتاییدا بە شێوەیەکی گشتی بڕیارماندا کە مێژوو وەک خۆی بنووسرێتەوە و دەستکاری نەکرێت.

لەگەڵ ڕێزدا

لە جیاتی نووسەران
د. عەبدولەرزاق عوسمان ناوەندەیی
18ی نۆڤەمبەری 2019



خستنەڕووی بەڵگەنامەکان وەکو خۆی...

پەیامی بارزانیی نەمر بۆ کۆنگرەی 6ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

ساسان دەروێش / هۆڵەندا

بۆ یاد و بیرەوەری دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان ، بەڵگەنامەیەکی بەنرخ و میژوویی، لە پەیامی بارزانیی نەمر باوکی ڕۆحی نەتەوەیمان بۆ کۆنگرەی 6ی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە ناوپردان ، دەخەمە ڕوو کە لە ڕۆژی 15/7/ 1970 لە ژێر دروشمی (ئاشتی، زانست، برایەتی)دا بەسترا، بەنوێنەرایەتی سەرۆک بارزانیی نەمر، عەمید ڕوکن عەزیز عەقراوی، پەیامەکەی لە کۆنگرە خوێندەوە، کە لە گۆڤاری برایەتی ژمارە 3ی ساڵی 1ی خولی دووەم سەرەتای ئابی 1970 بڵاوکراوەتەوە ، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو لە 18ی شوباتی ساڵی 1953دا هەردوو ڕێکخراو دامەزران، 67 ساڵ تێدەپەڕیت بەسەر بوونی، هەردوو ڕێکخراو کە تا ئەم ساتە وەختەش لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشاندایێ ماندووبوون بەردەوامن ، بەدەستێک قەڵەم و بەدەستەکەی تر چەک و پاڵپشتیکردن لە شۆڕش و پێشمەرگەبوون، جێگا دەستیان لەناو مێژووی بزاڤی نەتەوەیماندا دیارە و جێگایی شانازیشەکە هەردوو ڕێکخراو هەڵقوڵاوی بیری بارزانیی باوک و سەرکردە بوون و زۆر جوان وەسفی کردوون کە سەری ڕمی شۆڕش و شورای پۆلایێن ، ئامانجی ئەم دوو ڕێکخراوە تێکۆشەرانەش هەر لە سەرەتاوە دیاربووە لەسەر بنەمای تەواوی بیری دیموکراتی و ئازادی و دادپەروەری و خوێندن و زانست بووە ، کە لەپەیامەکەی بارزانیی نەمردا بەڕوونی دیارە و داوایان لێدەکات بە چەکی خوێندن و زانست دەتوانن گەلەکەتان ڕزگار بکەن و بگەنە وڵاتانی پێشکەوتوو.

ئەمەش تەواوی دەقی وتارە بەنرخەکەی باوکی ڕۆحی نەتەوەیمان مستەفا بارزانیی نەمرە :

برایان، نوێنەرانی کۆنگرەی قوتابیانی کوردستان ، بەخێر هاتنێکی گەرمتان ئەکەم .زۆر حەزم ئەکرد لە کۆنگرەکەتانا بەشداربوومایە ، بەڵام بەداخەوە دوور بوونم لەوناوچەیە ڕێگای نەدام، وابەم وتارە کۆنگرەکەتان ئەکەمەوە و داوای سەرکەوتن و سەرفرازیتان بۆ ئەکەم.

برا قوتابییە خۆشەویستەکانم.. هەڵوێستەکانی خەباتی ئێوە لەگەڵ برا قوتابییەکانی عێراقتان لە ڕۆژانی ڕابوردودا، جێگای قەدر زانینمانە . ئێوە کە پیاوانی دوا ڕۆژمانن پێویستە زیاتر خزمەت بکەن و پتر ڕەنج بکێشن لە پێناوی گەلە ڕاپەڕیوەکەتانا.

خۆشەویستەکانم.. باش ئەزانن کە نەخوێندەواری پەتای گەلانە، ئەوگەلانەی خوێندەوارنین ، دەست درێژ وتەماعکاران پەنجە ئەخەنە بەسەرهات ومافە ڕەواکانیانەوە، گەلی ئێمەش یەکێکە لەوانەی تووشی ئەم دەردە سامناکە بووە، بۆیە داواتان لێ ئەکەم چەکی زانست وخوێندەواری بکەنە شانتان وهەموو توانایکتان بخەنەکار بۆ ڕزگار کردنی گەلەکەتان لە نەخوێندەواری، تێکڕا شان بدەنە بەر بەرزکردنەوەی بۆ ڕێزی گەلانی پێشکەوتوو لە پاشە ڕۆژێکی نزیکدا ، ئەمە پیرۆزترین ئەرکی سەرشانتانە.

براکانم، داواتان لێ ئەکەم یەک بگرن ، ئەو ناکۆکی یانە فڕێ بدەن کە لە سەر دەمە ناخۆشەکانی ڕابورد وەوە کۆبونەتەوە . هەموتان شان بەشانی یەکتر و بەهاوکاری گشت دڵسۆزان لەم عێراقە خۆشەویستەدا تێ بکۆشن ، ئەو بڕیارانەی لەم کۆنگرەیەتانا ئەیدەن ڕاست و پڕ سودبن و کەڵکیان لێ بوەشێتەوە و شیاوی خزمەت بن بۆ گەلی عێراق بەگشتی و بۆ گەلی کورد بەتایبەتی.

ئاواتەخوازی سەرکەوتنتانم وخوا ئاگادارتان بێ.

براتان
بارزانی مستەفا



چیای پیرەمەگرون بە بەفر داپۆشراوە

(فۆتۆ: بەرهەم شێخ عیزەددین)